# کوردستان لەسەردەمی
# رژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا

## بەبۆنەی تێپەڕبوونی (32) ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا لەئێران!

*- بۆچی لەئێرانی فرەنەتەوەدا، رژێمێکی ناسیۆناڵی فارس دامەزرا؟!
*- دۆخ و ئەرکی ئێستا!

سیروان کاوسی



**رەزاخانی میرپێنج فەرماندەی هێزی قەزاق**، دوای ناردنی ئەحمەدشای قاجاڕ بۆ دەرەوەی وڵات کە بەنەخشەی ئینگلیز بەڕێوەچوو، کۆتاییهێنا بەحکوومەتی هۆزی قاجاڕ و، لەرۆژی **25/4/1926ی** زاینی لەڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بوو بەشای ئێران و، بناخەی رژێمی پاشایەتیی پەهلەویی دارشت، کە بۆماوەی 53 ساڵ درێژەی کێشا.

هۆی پشتگیری و یارمەتیدانی رەزاخان لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ ئەوە بوو، **بلشویکەکان بەسەرۆکایەتیی لێنین لەساڵی 1917** دا بەدەسەڵاتگەیشتبوون و، لەسەر خاکی پانوبەرینی ئیمپراتۆریی رووخاوی سێزاردا، یەکێتیی سۆڤێتیان دامەزراندبوو. پشتیوانی لەچینی چەوساوە و گەلانی بندەست و مافخوراو و، نەهێڵانی ئیمپریالیزمی جیهانیی، ئامانج و ستراتیژی سیاسیی رژێمی تازەدامەزراوی کۆمۆنیستیی رووسیای پێکدەهێنا.

لەئێران، لەنێو کۆڕوکۆمەڵ و چین وتوێژی رۆشنبیری و کرێکاریدا، بیری کۆمۆنیستیی پێش بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆمۆنیستەکانی رووسیا بڵاوببووەوە، چۆنکە لەساڵانی کۆتایی سەدەی 19ی زاینیدا بەهۆی قاتوقڕی و برسێتییەک کە ئێرانی گرتبووەوە، پتر لەنیو ملیۆن ئێرانیی بۆ پەیداکردنی کار وبژێویی ژیان روویان لە رووسیا کرد و، لەوێ لەنێو کارگە و کانزا و کێڵگەی دەرەبەگە گەورەکاندا، لەڕێگەی ئەندامان و کادرە نهێنییەکانی کۆمۆنیستەکانەوە بیروباوەڕی کۆمۆنیستییان ناسی.



ڕەزاشا دامەزرێنەری ڕژێمی پەهلەویی

ئەم حەشاماتە زۆرە کاتێک گەڕانەوە بۆ ئێران، ئەو بیروباوەڕە نوێیەی وا فێری ببوون، بۆ خەڵکی شاروگەند و زێدی خۆیان گێڕایەوە. کاتێکیش یەکەمین ڕێکخراوەی کۆمۆنیستیی بەناوی **"حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"** لەمانگی جۆزەردانی ساڵی **1299**ی هەتاوی بەرامبەر بە مانگی جۆنی **1920** ی زانیی، لەپارێزگەی **گیلان** کە هاوسنوورە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت، لەلایەن کەسایەتیی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەی ئێران بەنێوی **حەیدەر عەمووئۆغلی** یەوە دامەزرێندرا و، ئەکادمییەکی ناوداری وەک **دۆکتۆر تەقی ئەرانی** بوو بە ئەندامی حیزبەکە، ئەم حیزبە توانی لەماوەیەکی کەمدا لەنێو کۆڕوکۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کرێکاریی لەئێراندا بەخێرایی گەشەبکات.

ئەم کەشەسیاسییە تازەیە، بریتانیای تێگەیاند ئەگەر بێتوو بەپەلە چارەسەری گونجاو نەدۆزێتەوە، ئەوا سەرهەڵدانی شۆرشی کۆمۆنیستیی لەئێران، ڕووسیا بەهاسانی و بێکێشە دەگەیەنێتە لێوارەکانی کەنداو کە شادەماری وزە و ئابووریی بریتانیا بوو. بریتانیاش کە لەو سەردەمەدا گەورەترین دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی جیهان بوو، خۆی بەخاوەنی هەتاهەتایی نەوت و سامانی ژێرزەویی ئێران و، وڵاتانی بەپێتوبەرەکەتی دیکە دەزانی کە داگیری کردبوون، لەبەر ئەوە ئامادەنەبوو واز لەبەرژەوەندیی زۆروزەوەنی خۆی لەناوچەکە بهێنێت.

بەدەسەڵاتگەیاندن و پەروەردەکردنی سوپا و دامەزرانی داوودەزگەی حکوومەتیی بۆ ڕەزاشا و ڕژێمەکەی لەلایەن بریتانیاوە، لەلایەک کۆتاییهێنا بەحکوومەتی لاواز و بێدەرەتانی بنەماڵەی قاجاڕی بەرەگەز تورک، لەلایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران لەباکوور بەسەرۆکایەتیی **میرزاکووچکخان** و ڕۆژاوای باشووری ئێران (عەرەبەکانی خوزستان) بەسەرۆکایەتیی **"شێخ خەزعەل"** ی لەنێوبرد. هاوکات توانی ڕاپەڕینی کوردەکانی بەختیاریی لەنێو ئاگروباروت وگوللەدا نوقمی خوێن بکات بەچەشنێکی وا کە ژەنەڕاڵەکانی سوپای ئێران، نازناوی **"قەساوی لۆڕستان"** یان پێبەخشرا. هەروەها بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە**هەرێمی ورمێ** بەسەرۆکایەتیی سەرکردەی مێژوویی و قارەمان **سمکۆی شکاک** بەهێرشی یەک لەدوابیەکی سوپای ئێران و، هاوکاری و پیلانگێڕیی تورکیا و ڕووسیا و کاربەدەستانی ئینگلیز لەعێراق، تێکشکا و، لەئەنجامی پیلانێکدا لەشاری شنۆ ڕێکەوتی **21/6/1930** لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە کوژرا.

سەرباری ئەمانەش، لەتاران و لەشارەگەورەکاندا، پۆلیس و هێزەکانی دیکەی سەرکوتکەری ڕژێم، هەڵیانکوتایە سەر کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و، دەستیانکرد بەلەنێوبردنی پاشماوەی دەستکەوتەکانی **"انقلاب مشروطە"**

**(شۆرشی نوێخوازیی)**، کە بەخوێنی هەزاران ئازادیخواز بەدەستهێنرابوون، زیندانەکان پڕکران لە ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنووسان و، هەرچییەک ڕۆژنامەی سەربەخۆ هەبوون، داخران. ترس و شەوەزەنگ، جێی سالآنی ئازاد و دیمۆکراتی سەردەمی حەوتساڵەی شۆرشی نوێخوازییان گرتەوە.



**هێزەکانی رژێمی رەزاشا، دوای گوللەبارانکردنی سەرکردەی نەتەوەیی سمکۆی شکاک، وێنەی یادگاریی دەگرن**

**لێ، سەرەرای خولقانی ئەم دۆخەدژوارە بەسەر ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و گەلانی ئێراندا، بۆ نەتەوەی فارس هەلێکی گەورەی مێژوویی هاتەپێشەوە بۆ ئەوەی، بتوانێت لەسایی دامەزرانی حکوومەتی پەهلەویدا، هێژمۆنی و دەسەلاتی سیاسیی خۆی بەسەر نەتەوەکانی نافارس لەئێراندا بسەپێنێ و، بەشێوازی جۆراوجۆر دەستبکات بە جێنۆسایکردنی رەگەزی و ئابووری و ئاسەوار و فەرهەنگ وشارستانییەتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەوانە نەتەوەی کورد کە تاکو ئەمرۆش هەر بەردەوامە لەسەری.**

لێرەدا بەپێویستیدەزانم سەرنجی خوێنەر بۆ خالێکی گرنگ رابکێشم، ئەویش ئەوەیە، بەرلەدامەزراندنی رژێمی پەهلەویی لەلایەن رەزاشاوە، زەوینە لەبەردەم بەدەسەلآتگەیشتنی نەتەوەی فارسدا بەتەواوەتیی خۆشکرابوو. بۆ زانینی ئەم راستییەش دەبێ چەند لاپەڕیەک لە رابردووی ئەو هۆکارە سیاسی و مێژوویی و جوگرافییە هەڵدەینەوە کە دەستیاندایە دەستییەک، بۆ ئەوەی نەتەوەی فارس لەخۆیڕاببینێ خۆیبکات بە دەمڕاست و گەورە و چاوساخی نەتەوەکانی دیکەی ئێران!

**ئاغامحەممەدخانی قاجاڕی بەڕەچەڵەک تورک** لەساڵی **1781**ی زاینیدا، بەپیلان و خیانەتی فارسێک بەناوی **"حاجی برایمی هاشمیان کە داروغەی شیراز بوو (1*)"**، لەگەڵ براکەی و چەندین فەرماندەی لەشکر و سەرۆکهۆزی دیکەی فارس، توانی کۆتایی بە دەسەلآتداریتیی کوردی زەند لەئێران بێنێ و، دەسەلاتی

تورکەقاجارەکان بەسەر ئێران و ڕۆژهەلات و بەشێک لەباشووری کوردستاندا بسەپێنێ و، شارەدێی **"تاران"** بکات بە پێتەختی حکوومەتەکەی.



**ئاغا محەممەدخان، دامەزرێنەری حکوومەتی قاجارِ لەتاران**

دەستنیشانکردنی شارەدێی تاران لەلایەن ئاغامحەممەدخان و فەرماندەکانی هۆزی قاجارەوە لەبەر چەند هۆیەک بوو. تاران لەڕووی هەڵکەوتوویی جوگرافییەوە پاڵیداوە بە ریزەچیای بەرز و ڕژد و هەڵەموتی **"ئەلبورز"** ەوە، لەلایەک لە مازندەران و لەباکووری ئێرانەوە نیزیکە کە زێد و شوێنی نیشتەجێبوونی ئاغامحەممەدخان و هۆزەکەی بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی دوورییەوە لەڕۆژهەلاتی کوردستان، کەمتر مەترسیی ئەوەی لێدەکرا هۆزەکانی کورد بتوانن هێرش بکەنەسەری و داگیری بکەن.

بەڵام دەستنیشانکردنی تاران بۆ پێتەخت کە لەنێو جەرگەی گەلی فارسدا هەڵکەوتووە و، بەهۆی بوونی پێشینەیەکی چەند سەتساڵەی زمانی فارسی لەڕێگەی شاعیرانی ناوداری وەک **مەولەوی و خەیام و عەتار نەیشابوری و فێردەوسی و حافز و سەعدی** و ... هتد، وێژە و ئەدەبی فارسی توانیبووی نەک تەنیا لەنێو گەلی فارس، بەڵکو لەنێو گەلانی دەوروبەریشیدا پلە و جێگەی تایبەت وەربگرێت. لەلایەنی سیاسیشەوە بوونی کەسایەتییەکی ناوداری وەک حاجی برایمی دارۆغە لە دەسەلاتدا کە بەهۆی خزمەتی گەورەی بە ئاغامحەممەدخان، کرابوو بە سەرۆکوەزیران و، نازناوی **"ئێعتمادولدەولە"**ی پێدرابوو، دوای مردنی ئاغامحەممەدخان و، لەسەردەمی پاشایەتیی **فەتحعەلیشای قاجاردا**، جگە لەوەی کە دەسەلاتی فارسەکان بە هۆی حاجی برایمەوە زیاتر پەرەی سەند، بەڵکو لەوەش گرنگتر زمانی فارسی بەرە بەرە بوو بەزمانی فەرمیی نێو کۆشک و سوپا و نێوەندەکانی حکوومەتی. **شاکانی قاجارِ و شازادە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان کە چەند هەزار کەسێک دەبوون، بەپێچەوانەی باپیریان ئاغامحەممەدخانەوە، کە شانازیی بە تورکبوون ومەغۆلبوونی خۆیەوە دەکرد، ئەمان شانازییان بە زمانی فارسی و ئێرانیبوونیانەوە دەکرد و، لەڕێگەی ئایەتۆڵلاکانەوە ئامۆژگاریی دەکران، پارێزگاریی لەو خاک وسنوور و سەرزەمینانە بکەن کە دانیشتوانەکەی پێڕەوی ئاینزای شیعەن.**

هەر لەسەرەتاکانی سەدەی ١٨ی زاینەوە، رازاوەیی ئۆروپا و نێوبانگی زانست و سیستەمی پەروەردە و پێڕەوکردنی دێمۆکراسی و ئازادیی کۆمەڵایەتیی لەلایەن حکوومەتەکانییەوە، بنەماڵەی شا و شازادەکان و وەزیر و

کاربەدەستان  وبازرگانە گەورەکانی ئێرانی هاندا کە کوڕەکانیان بۆ خوێند بنێرن بۆ ئۆروپا، بۆ ئەوەی پاش تەواوکردنی خوێندنەکەیان، بگەڕێنەوە و، لەلایەن شاوە کورسی و پلەوپایەیان پێببەخشرێت. لەشاری تارانیش، لەساڵی **1851**ی زایینییەوە، زانستگەیەکی گەورە بەناوی **(دارالفنون)**، لەبوارەکانی پزیشکی و لەشکری و دۆزینەوەی کانزا و بەشی دەرمانسازیی لەلایەن سەرۆکوەزیرانی نەسرەدینشا بەناوی **میرزاتەقیخانی فەراهانی (امیر کبیر)** ەوە دامەزرا و، جگە لەمامۆستایەکی ئێرانی، هەروەها شەش مامۆستای دیکە، لەوڵاتی **ئۆتریش (نەمسا)** وە هێنران بۆ **"دارەلفنوون"**، بۆ ئەوەی خوێندکارانی ئەم نێوەندە زانستییە کە لە منداڵی بنەماڵە دەسترۆیشتووەکانی ئێرانی پێکهاتبوون، بەبیروزانستی نوێ پەروەردەبکرێن.

بەڵام بەپێچەوانەی ویست و ئامانجی کاربەدەستان و چینی زەنگینی وڵاتەوە، زۆربەی ئەم خوێندکارانە دوای ئاشنابوونیان بە زانستی نوێ ودنیای مۆدێرن، لەرادەی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی خۆیان و، لاوازی و نزمیی حکوومەتی قاجاڕ و، کارنەزانیی دەسەڵاتدارانی ئێران لەسیاسەت و حوکمداریتیی تێگەیشتن و، کەوتنە خولیای ئەوەوە کە گۆڕان لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکەن، بۆ ئەوەی ئێرانیش لەکاروانی پێشکەوتن دوانەکەوێت.

"تاران"ی پێتەختیش ئێدی ئەو گوندەی پێشوو نەمابوو، ببوو بەشارێکی رازاوەی پڕلەباخوباخات، سەدان کۆشکوتەلار و باڵەخانە و، چەندین لەشکرگە و شەقامی زۆر و گۆڕەپان و بازاڕ و مزگەوت و گەڕەک و کۆڵانی لێسازکرابوو. بەماوەیەکی کەم تاران بوو بەنێوەندی کاروباری بازرگانی و سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووریی. چینی دەسەڵاتداران و چینی ئاینی و چینی بازرگان و بازاڕی و، هەروەها چینی کرێکار و هەژار، لەگەڵ توێژی رۆشنبیر و خوێندەوار پێکهاتەی سەرەکیی تارانیان پێکهێنا. هەرچییەک تاران گەورەتر دەبوو، کێشە و ناڕەزایەتیی نێوخۆیی زیاتر بەرەورووی حکوومەتی قاجاڕ دەبووەوە.

دەولەتەکانی کۆلۆنیالیستی رووسیا و بریتانیاش هەر لەسەدەی نۆزدەوە سوودیان لەم لاوازییەی حکوومەتی قاجاڕ دەبینی، رووسیا لەشکری خستەڕێ و چەندین هەرێمی گەورەی ئێرانی لە باکوورەوە داگیرکرد. بریتانیاش ئەفغانستانی لەئێران جیاکردەوە و، داهاتی کانزا و سامانی باشووری ئێرانی خستبووە دەستی خۆیەوە، بەوەشەوە نەوەستابوون و، بەپێی رێککەوتنێکی نهێنیی ئێرانیان لەنێویان خۆیاندا دابەشکردبوو. هاوکات هەردوولاشیان پێکەوە لەتاران، وەکیەک دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆیان و، حکوومەتی گوێڕایەڵ و ئاڵقەلەگوێی قاجارییان دەپاراست. لەبەرامبەر سەرهەڵدانی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی رۆشنبیریی لەشارەکان، یان لەلایەن نەتەوەکانی بندەستی قاجارەوە، سیاسەتێکی هاوبەشیان پێڕەودەکرد و، لەنێویاندەبرد. وابەستەیی حکوومەتی قاجاڕ بەم دوو زلهێزە و، گوشاری لەڕادەبەدەری کاربەدەستان و هێزەکانی حکوومەت بەرامبەر بەخەڵک لەلایەک، چەوساندنەوەی چینی هەژار و کەمدەرامەت و جۆتکار لەشار ولەدێ، هەروەها نەبوونی ئازادی و گوشار بۆ سەر رۆشنبیران و، پشتگوێخستنی دەسەلاتی سیاسی و ئابووریی چینی مەلاکان، دەستیاندایە دەستییەک و، لەساڵی

1890، لەسەردەمی پاشایەتیی ناسرەدینشا کە چوارەمین شای قاجاڕ بوو، بزووتنەوەیەکی گەورەی ڕیفۆرمخوازیی هەڵگیرسا کە لەمێژوودا بەشۆرشی مەزنی **"انقلاب مشروطه"، (شۆرشی نوێخوازیی)** ناوبانگیرۆیی. کۆی ئەم ڕووداوانە لەتارانی پێتەخت، بەرەبەرە بیری ئێرانچێتیی نەک هەر لەنێو گەلی فارس، بەڵکو لەنێو ئەو نەتەوانەشدا پەرەپێدا، کە کاتی خۆی بەسەرکوت و زۆرەملێ لکێندرابوون بەحکوومەتی قاجارەوە. ئەمەش بوو بەبناخەیەک بۆ پەیدابوونی بیری ناسیۆنالیستیی فارسی، کە لەرەوتی خۆیدا لەساڵانی 1953 - 1950 بزووتنەوەی **"جبهه ملی ایران"، (بەرەی ناسیۆناڵی ئێران)** بەسەرۆکایەتیی **"دوکتۆر محەممەد موسەدق"** ی لێکەوتەوە، **کە لەگەڵ ئەم باسەماندا ناگونجێت!**

ئەم دۆخە ئاڵۆزە سیاسییە لەتاران، بەدرێژایی حکوومەتی قاجاڕ بۆ ماوەی 145 ساڵ درێژەی کێشا. ئەمەش مانای وایە ئەگەر شارێک بۆ ئەم ماوە دوورودرێژە پێتەختی وڵاتێک بێت، زمان و زاراوە و داونەرێت و کولتووری زاڵدەبێت بەسەر دانیشتوانی هەموو ئەو مەڵبەند و هەرێمانەی کە لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەژین. لەوەوە هەستی مەزنیخوازی و لووتبەرزی بەرامبەر زاراوە، یان زمانی نەتەوەکانی بندەستی، لەلادروست دەبێت. هەروەک لە کوردستانیش، چەندین ئەمارەتی کوردیمان هەبوون کە لەسەردەمە جیاجیاکاندا و لەچەند هەرێمێکی کوردستاندا دامەزرابوون، بەهۆی ئەو نیوەدەسەڵات و نیوەسەربەخۆییەی کە هەیانبوو، لەڕووی پیشەسازی و هونەری و وێژە و مێعماری و، هەستی نەتەوەییەوە تارادەیەک پێشکەوتن و، زاراوە و شێوازی گۆرانی و مۆسیقاکەشیان بە هەرێمەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوبووەوە. شارەکانی **سنە و دیاربەکر و سلێمانی و ڕەواندز و مەهاباد** نموونەن بۆ ئەمە.

### لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر باسەکەمان سەبارەت بە حکوومەتی ڕەزاشای پەهلەویی

ڕەزاشای پەهلەوی بەمەبەستی زاڵکردنی زمان و فەرهەنگی فارس بەسەر نەتەوەکانی دیدا، پێویستی بە داڕشتنی سیستەمێکی تازەی پەروەردە و خوێندن هەبوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە ڕەگەزپەرستانەشی، لەساڵی 1934ی زایندا سەردانی تورکیای کرد و، لەنێزیکەوە **مستەفا کەمال (ئەتاتورک)** ی بینی و، دوای تێگەیشتنی لەشێواز و ناوەرۆکی سیستەمی ڕەگەزپەرستانەی تورکیای نوێ، لەگەڕانەوەیدا جلوبەرگی ئۆرووپای کرد بەجلوبەرگی فەرمیی هەموو دانیشتوانی ئێران. بڕیاری لابردنی چارشێوی دەرکرد، زمانی فارسی کرد بەزمانی فەرمیی وڵات. **ناوەندی هەواڵنێریی بەزمانی فارسی، فەرهەنگستانی ئێران و، زانستگەی تارانی دامەزراند.** لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە **مێژوویەکی خەیاڵی و درۆ بۆ وانەی قوتابخانەکان ئامادەکرا، کە بەپێی ئەوە لەکۆنەوە شاکانی ئێران زۆرینەیان لەرەگەزی فارس بوونە و پارێزگارییان لە خاکی ئێران کردووە و، ئەم میراتە لەوانەوە گەیشتووە بە ڕەزاشای زانا و بوێر و لێهاتوو!**

ڕەزاشا هەروەها لەئالیی کۆمەڵایەتیشەوە، لەدەسەلاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی چینی مەلاکانی کەمکردەوە و، ڕێیگرت لەبەردەم ڕێوڕەسمی مانگی **"محرم"** کە پێڕەوانی ئاینزای شیعە وەک ساڵانی ڕابردوو بڕژێنە نێو شەقام وکۆڵانەوە و لەسەر و سینگی خۆیان بدەن.

تاکو زەمانی ڕەزاشا، بەوڵاتی ئێران دەگوترا **"پرشیا" (Pershia).** لەساڵی 1935 لەسەر ڕاسپاردەی ڕەزاشا، دەوڵەتی ئێران داوای لە **کۆمەڵەی نەتەوەکان** کرد نێوی **"پرشیا"** بگۆڕدرێت و بکرێت بە **"ئێران".** ڕەزاشا بەلابردنی نێوی "پرشیا" و هەڵبژاردنی نێوی ئێران، نیازیوابوو هەموو نەتەوەکانی نافارس لەنێو زمان و کولتووری فارسدا بتوێنێتەوە و، ئێرانێکی وادروستبکات کە بەوێنەی تورکیا ببێت بەخاوەنی یەک مێژوو، یەک کولتوور و یەک نەتەوە کە ئەویش زمان و کولتووری نەتەوەی فارسە!

## سیاسەتی دابڕاندنی ناوچەکوردنشینەکان لەیەکدی، لەڕێگەی پرۆژەی دابەشکردنی پارێزگەکانەوە!

لەلایەن پەرلەمانی ڕژێمەوە، سیاسەتی دابەشکردنی گەلی کورد لەڕۆژهەلات، بەڕێگەی یاسای تازەی دابەشکردنی **پارێزگەکان (ستانەکان)** پەسندکرا و، لەمانگی گەلارێزانی ساڵی 1316ی هەتاوی بەرامبەر بە مانگی نۆڤەمبەری 1937، ئێران کرا بە **شەش پارێزگە** و، کوردستانیش بەسەر دوو پارێزگەدا دابەشکرا:

**١-پارێزگەی باکووری ڕۆژاوا (شمال غرب): بریتیبوو لە تەورێز، ئەردەبیل، ورمێ، مەراغە و مەهاباد.** شایانی باسە لە ماکۆ و بازرگانەوە کە سنووری دەستکردی نێوان تورکیا و ئێرانە هەتاکو بۆکان و سەردەشت خرایە سەر ئەم پارێزگەیە.

**٢-پاریزگەی ڕۆژاوا: لەسنووری شاری سەقز و بانەوە تا دەگەیشتە سنووری خوزستان (ناوچەی عەرەبنشینی باشووری ڕۆژاوای ئێران!).**

**بەپێی ئەم دابەشکردنە،** پارێزگەی **کوردستان جگە لە پارێزگەی ورمێ، تەواوی هەرێمە کوردنشینەکانی وەک پارێزگەی سنە و کرماشان و ئیلام و لوڕستان و بەختیاری و بویەرئەحمەدی دەگرتەوە. ئەمەش ڕاستییەکە بۆ ئەوەی بزانین لەکۆنەوە تاکو سەرەتای دامەزراندنی ڕژێمی پەهلەویی، حکوومەتەکانی ئێران، کوردستانیان بەو ناوچانە زانیوە کە ئەوڕۆکە پێیاندەگوترێت: کرماشان و سنە و ئیلام و لوڕستان و بەختیاری و بویەر ئەحمەد.**

بەڵام ڕژێمی ڕەزاشا، هەرزوو هەستیان بەناتەواویی ئەم دابەشکردنە بۆ سەر ئامانجی ڕەگەزپەرستانەیان کرد. ئەوە بوو هێشتا دوومانگ بەسەر یاسای دابەشکردنی پاریزگەکاندا تێنەپەڕیبوو کە لەمانگی ڕێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا **(1937)**، پەرلەمان یاسای تازەی دەرکرد و، شەش پاریزگەکە کران بە **دە (10) پارێزگە.**

لەدابەشکردنی نوێی پارێزگەکاندا، **ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر ئەم ستانانەدا دابەشکرا:**

**پارێزگەی چوارەم: بریتیدەبێت لە: خۆی، ورمێ، مەهاباد، مەراغە و بیجاڕ.**

**پارێزگەی پێنجەم: بریتی دەبێت لە: ئیلام، شائاباد، کرماشان، سنە، مەلایر و هەمەدان.**

**پارێزگەی شەشەم: بریتیدەبێت لە: خورەمئاباد (خورمۆوە)، گوڵپایگان، ئەهواز و خورەمشەهر.**

لەگەرمەی دووەم جەنگی جیهانیدا، کاتێک سوپای ئەڵمانیا توانی بەخێرایی دەستبگرێت بەسەر چەندین وڵاتانی ئۆروپادا، رەزاشا وای لێکدایەوە کە هیتلەر لە جەنگەکەیدا سەردەکەوێت، لەبەر ئەوە پێوەندیی لەگەڵ ئەڵمانیا خۆشکرد و پشتیکردە ئینگلیز کە بەدەسەڵاتیگەیاندبوو. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە **"هاوپەیمانان"، (ئینگلیز و ئەمریکا و رووسیا)**، رێکەوتی **21/3/1941** ئێران داگیربکەن و، رەزاشا لەسەر دەسەڵات لابەرن و، بۆ باشووری ئەفریقا دووری بخەنەوە. شەش مانگ دواتر، **لەرێکەوتی 16/9/1941، دەوڵەتی ئینگلیز، حەمەڕەزاشا (کوڕی گەورەی رەزاشا) ی لەجێی باوکی کرد بەشای ئێران.**

## دەستپێکردنی حکوومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەویی!

**سالێک دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، رێکەوتی (٢)ی رێبەندانی ١٩٤٦، لەشاری مەهاباد، کۆماری سەربەخۆی کوردستان دامەزرا.** بەچەند مانگێک دوای دامەزرانی کۆمار، بەنەخشەی ئینگلیز، رێککەوتنێکی ساختە لەنێوان **قەوامولسەڵتەنە سەرۆکوەزیرانی ئێران و، ستالین دیکتاتۆری یەکێتیی سۆڤێت** مۆرکرا. سوپای رووسیا لە کوردستان چووە دەرەوە و، سوپای ئێرانیش بەپشتیوانیی ئینگلیز و ئەمریکا توانییان کۆماری کوردستان و، ئازەربایجان برووخێنن و، سەرلەنوێ دەسەڵاتی رژێمی پەهلەویی بەسەر ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا دابسەپێننەوە.



لەسێدارەدانی پێشەوای کورد لەلایەن حەمەڕەزاشاوە

**لەدوای رووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوای کورد – قازی محەممەد** و، دەیان کەسایەتی و کاربەدەستی کۆمار، ئەوجا سڕینەوەی ئاسەواری کۆمار و هەڵمەتبردن بۆسەر ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کورد دەستپێکرد. ژمارەیەکی زۆر گیران و خرانە ژێر شکەنجە و دارکارییەوە و، زیندانی هەتاهەتایی، یان کورتخایەنیان بۆ برایەوە. بەشێکی دیکەش رایانکرد و بەرەو **گەرمێن (باشووری کوردستان)** و، بەغدا و شارەکانی عێراق رۆیشتن و، پاش گۆڕینی نێوی خۆیان و پەیداکردنی کار و پیشەی جۆراوجۆرەوە، لەنێو ترس و دڵەراوکە و بێ هیواییدا، ژیانی تازەی پرلە چەرمەسەرییان دەستپێکرد.

کاتێک حەمەڕەزاشا رۆژهەڵاتی کوردستانی بەتەواوەتیی خستە ژێردەسەڵاتییەوە، زمانی فارسیی کردە زمانی فەرمیی قوتابخانە و دایرە و ناوەندەکانی حکوومەتی و، رێی لە پەروەردە و فێربوونی زمان و وێژە و هونەر و

کولتووری کوردی گرت. له قوتابخانه و خوێندنگەکاندا پەیڤین و نووسین بەزمانی کوردی قەدەخەکران. ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستانەیە ساڵ دوای ساڵ بەردەوام و فراوانتر دەبوو. دوای تێپەڕبوونی چەندساڵێک، رێ لەقوتابییەکان گیرا کە تەنانەت لەکاتی پشووی کورت لەحەوشەی قوتابخانەکاندا بە زمانی زگماکیی خۆیان لەگەڵ یەکدیی بدوێن و، لەحەوشەی هەموو قوتابخانەکاندا، تابلۆیەکی گەورەیان هەڵواسی و، لەسەری نووسییان "**به فارسی صحبت کنید**". هیچ جۆرە پەرتۆکێکی کوردی لەپەرتۆکفرۆشییەکاندا دەستنەدەکەوت و، نووسین و لەچاپدان و بڵاوکردنەوەشی رێبەند (ممنوع) کرا. نەک هەر نووسین کتێبی کوردی رێبەندکرابوو، بەڵکو نووسینی چەند دێڕیکیش بەزمانی کوردی تاوان بوو، سزاکەشی زیندان وشکەنجە و، حوکمی چەندین ساڵ زیندان و، پەکخستنی کاروژیانی ئاسایی بوو بەسەر کەسەکەدا. شەوەزەنگ و دیکتاتۆریی شا بەرادەیەک پەرەی سەند، کەس نەیدەوێرا تەنانەت لەنێوماڵی خۆشی بە خراپە نێوی شا بەرێت، چۆنکە دەترسا قسەکەی بەگوێی ساواک بگاتەوە. ساڵ دوای ساڵ هێزوتوانا ودەسەڵات و ناوبانگی شا لەئێران و لەناوچەکە فراوانتر دەبوو، هەر بەو پێیەش دیکتاتۆری و شەوەزەنگی فرەتر باڵی بەسەر کوردستان وئێراندا دەکێشا.

**ساڵی 1971ی زایینی، شا مێژووی ئێرانی لە هەتاوییەوە گۆڕی بۆ شاهەنشاهی** و سەرەتای مێژووەکەشی بردەوە بۆ کاتی دەستپێکردنی پاشایەتیی **کۆرش** دامەزرێنەری حکوومەتی هەخامەنشی و، مێژووی دامەزرانی ئیمپراتۆریی **"مادەکان"** ی پشتگوێخست، چۆنکە لەرەگەز و بنەچەی کوردن، ئەمەش رادەی بیری رەگەزپەرستانەی حەمەڕەزاشای بەرامبەر بەکورد پێشاندەدا.

**سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووی زایینی، هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، لەدژی رژێمی داگیرکەری عێراق.** جارێکی دیکە، شەڕوشۆر کەوتەوە کوردستان و، بە هەزاران رۆڵەی کورد، بۆ پارێزگاریکردن لە خاکی نیشتمان، روویان لە چیا و مەڵبەندەکانی کوردستان کرد. سەرهەڵدانی ئەم دۆخە تازەیە، بۆ ئەو بەشە لەئەندامانی **حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (رۆژهەلات)**، کە لەعێراق و باشووری کوردستان دەژیان، دەرفەتێکی لەباری هێنایەپێشەوە کە لەدەوری یەکدی کۆببنەوە و، دەستبکەنەوە بەچالاکی و خەباتی سیاسی و حیزبیی. لەشار و گوندەکانی رۆژهەلاتی کوردستانیشەوە، کۆمەڵێک کوردی دڵسۆز و خاوەن هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی، پاش ئاگاداربوون لەسەرهەڵدانی شۆرش، بەرەو باشوور رۆیشتن و پێوەندییان بە هاوڕێیان و ناسیاری کۆن و سەرکردەیەتیی حیزبەوە گرت. دەستەی پێشمەرگە رێکخران و بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسیی، بە نهێنیی گەڕانەوە رۆژهەلات و، شانە و رێکخستنی حیزبی لە شار و گوندەکان، بەتایبەتیی لەنێوچە سنوورییەکان سازکران. بەرە بەرە تەقە و لێکدانی پێشمەرگە، لەگەڵ ژاندار و سەربازی رژێم نێوچەکانی **گەورک و موکریان و بانە و سەردەشت و شنۆ و سۆماو برادۆست و مەریوان و سەقزی** گرتەوە. ئەم جموجوڵە سیاسی و چەکدارییەی کە لەباشووری کوردستان هەلگیرسابوو، ترسی خستەدڵی داگیرکەرانی کوردستانەوە، چۆنکە دەیانزانی بەردەوامبوونی ئەم کەشەسیاسی و چەکدارییەی کە لەبەشی گەرمێنی کوردستان

هەڵگیرساوە، کاریگەریی لەسەر کوردی ئەو بەشانەی دیکەش دادەنێت کە لەبندەستیاندایە. ئەوە بوو داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەتیی رژێمی حەمەڕەزاشا کە لەو سەردەمەدا پتر لە داگیرکەرانی دیکە لەناوچەکە رۆڵی دەگێڕا و، بەژانداری ناوچەکە دەناسرا، هەوڵیدەدا، بۆ چەسپاندنی زیاتری دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆی وهاوپەیمانانی لە ناوچەکە.

**هەر لەدوای کودەتای عەبدولکەریم قاسم لەعێراق، کە رژێمی پاشایەتیی "فەیسەڵ"ی رووخاندبوو، حەمەڕەزاشا، گرنگیی زۆری بەعێراق دەدا و، دژی قاسم و حکومەتەکەی بوو، پیلانی دەگێڕا بۆ لەنێوبردنی قاسم و گێڕانەوەی سیستەمی پاشایەتیی بۆعێراق. ئەوەبوو سێ ساڵ بەر لەدەستپێکردنی شۆرشی ئەیلول، واتە لەساڵی 1958ی زاینی، سیخوڕێکی زیرەک و لێهاتووی "ساواک"، (دەزگەی پاراستنی ئەوکاتی ئێران)، کە ناوی عیسا پژمان (2*) بوو، لەلایەن شاوە هەموو دەسەڵاتێکی پێدرا، بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسایەتییەکانی سیاسیی باشووری کوردستاندا پێوەندیی ببەستێ و، هانیان بدات بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی لەدژی رژێمی قاسم. عیسا پژمان، هەر لەوساڵەدا توانیبووی خۆی لە مامۆستا برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی نێزیک بکاتەوە و، ساڵی 1961، کاتێک شەڕ لەنێوان کورد و سوپای عێراق هەڵگیرسا، عیسا پژمان بڕی 300000 هەزار تمەن و 10000 چەکی برنەوی پێشکێشی سەرۆک بارزانی و سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول کرد.**

**شەڕوشۆری گەرم و خوێناویی لەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەستیپێکرد و، ئاگری شەڕ زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە. زۆری پێنەچوو رژێمی قاسم رووخا، بەڵام شەڕی نێوان کورد و رژێمەکانی یەک لەدواییەکی عێراق تاکاتی مۆرکردنی رێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی ١٩٧٠ لەنێوان کورد و رژێمی بەعسی عێراق هەر درێژەیکێشا. هاوکات، پێوەندیی نێوان رژێمی شای ئێران و، سەرۆکایەتیی شۆرشی ئەیلوول و، وابەستەیی شۆرشەکە بەئێرانەوە، ساڵ دوای ساڵ پتەوتر دەبوو، زیاتر ریشەی دادەکوتا.**

**حەمەڕەزاشا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، هەوڵی نێزیکبوونەوەی لە سەرکردەیەتیی پارتی دیمۆکرات و، پلانی وابەستەکردنی شۆرشی کوردی دارشت:**

**1- خۆشکردنی پێوەندیی لەگەڵ سەرکردەیەتیی پارتی و، رازیکردنیان بۆ هاوکاریی توندوتۆڵ و دوولایەنە.**

**2- لەنێوبردنی پێشمەرگە و جموجوڵی چەکداریی رۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوولەوە.**

**3- پشتیوانیی لۆجستیکی و یارمەتیی سەربازی و بەخشینی دراو و پووڵی زۆر بە سەرکردەیەتیی شۆرش، بەمەبەستی گوشارخستنە سەر رژێم و سوپای عێراق و، لاوازکردنی، بەرێگەی جەنگ و پێکدادانی پێشمەرگە، کە لەدوارۆژدا، بتوانێت داخوازیی سنووری و سیاسیی خۆی بەسەر رژێمی عێراقدا بسەپێنێت.**

**4- عێراق وەک هاوپەیمانێکی گرنگی بلۆکی یەکێتیی سۆڤیێت، لەنێوچەکە لاواز بکات، کە ئەمە بەپلەی یەکەم ویستی ئەمریکاش بوو!**

**5- لەنێوبردنی شۆڕشی ئەیلوول و، دڵنیابوونی ڕژێمەکەی خۆی و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، بۆ لەنێوبردنی بیری سەربەخۆیی، بەوتەی داگیرکەران خۆیان، "بیری جیاخوازیی کوردەکان" لەهەموو بەشەکانیدا.**

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکیی لەنێوان **مەلامستەفا بارزانی و سەرکردەیەتیی پارتیی** لە ساڵانی 64-63ی زاینی، بەرە بەرە، ناکۆکیی کەوتە نێوان سەرکردەیەتی **و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات بەگشتی، ئەمانیش بوون بەسێ بەشی ناتەبا و ناکۆک و دوژمن بەیەک.** بەشێکیان بوون بە لایەنگری **بارزانی**، بەشێکی دی پشتگیرییان لە **"مەکتەب سیاسی"**، واتە لەهێڵی **برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی** دەکرد، دەستەیەکی دیکەش ئەندام و لایەنگری **حیزبی توودەی ئێران (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)** بوون کە ئاڵقەلەگوێی یەکێتیی سۆڤێت بوو.

لەمانگی سەرماوەزی سالی **1964**، لە گوندی **"سونێ"** ی سەر بە نێوچەی **"پشتدەر"**، **کۆنگرەی دووەمی حیزب** گیرا. لەو کۆنگرەیەدا، **عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تەوفیق)** سەرۆکی حیزب بوو، هاوکات، خۆشەویست و جێباوەڕ و متمانەی بارزانی بوو، ڕێگەینەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبەکەی خۆی بەشداریی لە کۆنگرەکەدا بکەن، چۆنکە لایەنگری **"هێڵی برایم ئەحمەد"**، یان لایەنگری حیزبی توودەی ئێران بوون. لەونێوەدا، حیزبی توودەی ئێرانیش کە لەدوای **کودەتای دژ بە سەرۆکوەزیرانی ئێران دوکتۆر محەممەد موسەدق لەساڵی 1953ی** زاینەوە، لەئێران دابڕابوون و، هیچ چەشنە چالاکییەکیان لەنێوخۆی ئێراندا نەمابوو، لەگەڵ بووژانەوەی ژیانی ڕێکخراوەیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لەڕۆژهەڵاتی ئوروپاوە، کەوتنە پەلوپۆوهاتوچۆکردن بۆ عێراق، بۆ ئەوەی بەرپێگەی ئەندامان و لایەنگرانی کوردیان – **لەوانە کاک کەریمی حیسامی، کاک حەمەدەمینی سراجی، کاک حەسەن قزڵجی، کاک غەنی بلووریان، کاک عەلی گەلاوێژ و، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و ..** هتد، حیزبی دێمۆکرات بکەن بەلقی حیزبی توودە لەکوردستان و، جێپێیەک بۆ حیزبەکەیان لەنێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بکەنەوە.



**ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان**

لەمبارەوە، **کاک کەریمی حیسامی** کە ساڵانێکی زۆر ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بوو، لە**بەرگی سێیەمی** بیرەوەرییەکانیدا پتر ڕۆناکایی دەخاتە سەر ئەم بابەتە و، دەڵێ:

**"..... ڕۆژی 5/2/1968، دوکتۆر رادمەنش (سەرۆکی حیزبی توودەی ئێران بوو – ن.) هاتە بەغدا و هەر ئەو ڕۆژە هاتەلای ئێمە واتە ئەو شوێنەی کە برادەرانی حیزبی شیوعی عێراق بۆیان دیاریکردبووین...... ڕۆژی 1968/2/9، کۆبوونەوەیەکی**

**ڕەسمی لەنێوان کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ڕێبەرێتیی حیزبی توودەی ئێران پێکهات. بەشداربووەکان بریتیبوون لە سولەیمانی موعینی، حەمەدەمینی سراجی، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر ڕادمەنش و کەریمی حیسامی. لەلایەن حیزبی توودەوە دوکتۆر ڕادمەنش و دوکتۆر قاسملوو، لەلایەن حیزبی دێمۆکراتیشەوە کاک سلێمان موعینی و کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمینی سراجی. ...** (جگە لە کاک سلێمانی موعینی، ئەوانی دیکە بەڕەسمیی ئەندامی حیزبی توودە بوون — ن.).

**دوکتۆر ڕادمەنش گوتی: "پێم خۆشە ئێوە لەسەر بارودۆخی وڵات و کار و تێکۆشینی خۆتان ڕاپۆرتێک بنووسن و پێشنیازتان دیاریبکەن تا ئێمە تەماشای بکەین و بە پێی ئەوە بتوانین بڕیار بدەین!"**

کاک سلێمان گوتی: **"ئێمە ڕاپۆرت نانووسین. ئێمە لەلایەن ڕێکخراوێکی سەربەخۆوە هاتووین لەگەڵ ڕێبەرێتیی حیزبی توودەی ئێران پێوەندیی بگرین و، باس بکەین. لەو باسکردنەدا ئێوە دۆخەکەتان بۆ ڕووندەبێتەوە و ئێمەش لە بیروڕای ئێوە تێدەگەین....!"**. (لەڕووی زمانەوانییەوە هێندێک دەستکاریکراوە ن.).

پاش چوارڕۆژ باسولێدوانی ورد و بەردەوام، لەسەر چوار بەند و چەندین بڕگە و تێبینی پێککەیشتن. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، **حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (کۆمیتەی شۆڕشگێڕ)**، کە لەباڵەکەی سەر بە **ئەحمەد تەوفێق** جیاببوونەوە و، سەربەخۆ خەباتیاندەکرد، بەتەواوەتیی بوو بەلقی حیزبی توودەی ئێران. لەژێرەوە بۆ ڕۆنبوونەوەی زیاتر، چەند بەندێکی ڕێککەوتننامەکە دەخەینەڕوو:

**- حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕەسمی دەناسێ، بە مەرجێک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەژێر ڕێبەرێتیی مارکسیستەکانی کورددا بێت!".**

**- "هەردووک حیزب، بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ یەکدی لەسەر کێشەی کورد، لەگەڵ هیچ حیزب و حکوومەتێک پێوەندیی نەگرن!".**

**- حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەبەشێک لە بزووتنەوەی گەلانی ئێران دادەنێن .....**

**- حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، جووڵانەوەی گەلی کورد بەبەشێکی جیانەکراوە لە بزاڤی دێمۆکراتیکی گەلانی ئێران دەزانن. دابینکردنی دێمۆکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بۆ تێکڕای خەڵکی ئێران، ئامانجی هاوبەشی هەردوو حیزبی توودە و حیزبی دێمۆکرات پێکدەهێنن....".**

وەک لێرەدا دەبینین، بابەتێکی گرنگ کە لە ڕێککەوتنی نێوان کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی توودەی ئێراندا، بەرچاودەکەوێت، ئەوەیە، ئەو کۆبوونەوە و ڕێککەوتنە لە کات و سەردەمێکدا ئەنجامدراوە، کە شای ئێران لەوپەڕی دەسەڵاتدابوو. سەرکردەیەتیی حیزبی توودە، لە ڕۆژهەڵاتی ئۆرووپاش لەترسی ساواک خۆیان دەشاردەوە، کەچی سەبارەت بە کێشەی کوردستان تووشی پەژارە و دڵەڕاوکێ هاتوون و، ترسی ئەوەیان لێنیشتووە، پەرەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی باشووری کوردستان، کاریگەریی بۆ

سەر شۆرشگێڕان و جەماوەری کورد لە ڕۆژهەڵات دانەنێ و، هەستی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی لەنێوان کوردی ڕۆژهەڵات و باشووردا پێک نەیەت! لەبەر ئەوە سێ بەندی ڕێککەوتننامەکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەشێکە لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی گەلانی ئێران!


**شاعیر و نیشتمانپەروەر مەلا ئاوارە**

بەمشێوەیە، تێکڕای ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات، لەنێو ئەو سێ هێڵە جیاواز و دژ بەیەکەدا بڵاوببوونەوە. زۆر مخابن، خۆتێهەڵقورتاندن و خۆتێکەڵکردنی ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)، بە کێشە و شەڕی سەرکردەیەتیی باشوورەوە کە لەنێو کورددا بە شەڕی **(مەلایی و جەلالی)** ناسرا، زیانی گیانی و سیاسیی گەورەی لەیەکپارچەی و ژیانی ڕێکخراوەیی حیزب گەیاند. دووبەرەکیی و ناکۆکیی نێوخۆیی، هەروەها دەستێوەردانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا لەکاروباری شۆڕشی ئەیلوول، بەگشتیی بارودۆخێکی گەلەک دژواری بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنابوو کە لەباشوور دەژیان و، خەباتیاندەکرد. لەساڵی 1965 بەملاوە بەرە بەرە ڕاوی پێشمەرگە و ئەندامانی سەرکردەیەتیی حیزب لەلایەن سەرکردەیەتی و فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەستیپێکرد.


**عەبدوڵڵا و سلێمانی موعینی**

لەمانگی خەرمانانی **1967**، **عەوڵاغای پشتدەر**، ئەندامێکی حیزبی دیمۆکراتی بەنێوی **"سوارە سەکری"** تەسلیم بە ئێران کردەوە. بەماوەی دووحەفتە دواتر، **عەبدولوەهاب ئەترۆشی** ئامرهێزی **"خەبات"**، لە گوندی **"تەوێڵە"**ی نێوچەی **هەورامان**، شەش ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی تەسلیم بە ڕژێمی حەمەڕەزاشا کردەوە. یەکێک لە گیراوان بەنێوی **میرزا محەممەد**، لەبەرامبەر ئەم کردەوە ناکوردانە و نامرۆڤانەیەدا نارەزایەتیی پێشاندەدات، کە لەلایەن **عەبدولوەهاب ئەترۆشییەوە** دەدرێتە بەر شەق و زللە و، بە قۆناخە تفەنگ سەروچاوی خوێناویدەکا، ئەوجا دەیداتە بەر دەسترێژی گوللە و شەهیدی دەکات. **ساڵی 1969**، **حەسۆمیرخان – فەرماندەی هێزی کاوە**، لەگەڵ

**عەبلاغای پشتدەر و، عەلی شەعبان فەرماندەی هێزی "بێتوێن"**، لەهێرشێکی هاوبەشیاندا بۆ سەر بنکە و ماڵی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات، هەموویان چەکدەکەن و **سەرجەم 76 پارچە چەکیان لێدەستێنن و دەستیشدەگرن بەسەر هەموو کەلوپەل و بەڵگەنامەی حیزبیی، پاشان کۆی بەڵگەنامەکان دەنێرن بۆ دەزگەی پاراستنی ئێران (ساواک). ئەوجا بەدیلگرتنی ژن و منداڵی هێندێک لە پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات، وەک ژن و منداڵی سلێمان موعینی لەلایەن حەسۆمیرخان و دەستەودایەرەیەوە، بارودۆخێکی زۆر دژوار و سامناکیان بۆ تێکۆشەرانی رۆژهەڵات لە باشوور پێکهێنابوو، کە ئەوەش بەتەواوەتیی دوور بوو لە فەرهەنگ و داونەرێتی کوردەواری و، بەپێچەوانەی هەموو یاسایەکی مرۆڤی و، پرنسیپێکی نەتەوەییەوە بوو...**

**مەلا ئاوارە، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف و دەیان کەسی دیکە لە کادرە ناسراوولێهاتووەکانی حیزب، لە چەندین بەرەنگاربوونەوەی چەکداریی لەگەڵ هێزەکانی رژێمی شا، شەهیدکران، یان گیران و، لەسێدارەدران. شەهیدکردنی سلێمان موعینی لەلایەن سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلول و، تەسلیمکردنەوەی لاشەکەی بەرژێمی ئێران، بێسەروشوێنکردنی سدیق هەنجیری و دوورخستنەوەی ئەحمەد تەوفیق خۆشەویستی بازرانی بۆ "مانی ماسی" لەسەر ویستی رژێمی ئێران و، دواتر هەڵاتن و خۆتەسلیمکردنی بەرژێمی عێراق و، بێسەروشوێنکردنی لەلایەن رژێمی بەعسەوە، بەشیک بوون لەو زنجیرە کردەوە دڵتەزێنانەی کە لەپێناو دەسەلات وبەرژەوەندیی حیزبی و بنەمالەییدا، پێشکێشی حەمەرەزاشای دیکتاتۆر و رژێمە داگیرکەرەکەی کران.**



سلێمان موعینی دوای کوژرانی، تەرمەکەی تەسلیم بە ساواک دەکرێت!

**ژنەراڵ ئۆوەیسی کە ئەوکات فەرماندەی هێزی ژاندارمی سەرتاسەری ئێران بوو، بەهاوکاریی فەرماندەکانی شۆرشی ئەیلول و دەزگەی پاراستنی شۆرش، پلانی جێبەجێکردنی لەنێو بردنی پێشمەرگەی رۆژهەڵات و، بنبرکردنی تۆوی خەباتیان لەو بەشەی کوردستان دەبرد بەرێوە**

دەزگەی ساواک و هێزەکانی رژێم، پاش وەرگرتنەوەی شۆرشگێرانی رۆژهەڵات، لەرۆژی گوللەبارانکردنیاندا، چەند سەعاتێک زووتر، بەنێو شەقامی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ئۆتۆمۆبیل دەگەڕان و، بە بڵندگۆ بانگەوازیاندەکرد و، داوایان لە خەڵک دەکرد، بۆ بینینی دیمەنی گوللەبارانکردنی گوایە **"چەتەکان"**، بەرەو

سەربازگەی شار بڕۆن. بە بیستنی ئەو دەنگوهەرایە، قوتابخانەکان دادەخران و، بە هەزاران قوتابیی تەمەن شەش سال و حەتساڵەوە هەتاکو لاو و، ژنوپیاوی تەمەن حەفتا ساڵ، ڕوویان لە سەربازگە دەکرد. لەپێشدا، لەلایەن فەرماندەی لەشکرەوە پەیامی توند و ئاگرین لەدژی **(ئاژاوەچی و بکوژ و چەتەکان!!)** و لەنێوبردنیان و، دلێری و گەورەیی سوپا و شای شاکان – حەمەڕەزاشا، دەخوێندرایەوە، ئەوجا کۆمەڵێک چەکداری ڕژێم، بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی، پێشمەرگەکانیان یەکەیەکە و دوان دوان دەهێنایە ڕیزی پێشەوەی ئاپۆرەی خەڵک و، گوللەبارانیاندەکردن. پاشان بۆ ترساندن و تۆقاندنی زیاتری خەڵکی کورد، لاشەی کوژراوەکانیان بە سەر زرێپۆش و، ئۆتۆمۆبیلی سەربازییەوە شۆڕدەکردەوە و، بەنێو شەقام و جادەی شارەکاندا دەیانگێڕان.

بەم شێوەیە ڕژێمی حەمەڕەزاشا، لە پشت دروشمی زل و بریقەدار و بێ بناخەی **"تاریخ 2500 ساله شاهنشاهی"** و **"بەسوی تمدن بزرگ"، (بەرەو شارستانێتیی مەزن)**، لەسەدەی بیستەم و، لەسەدەی زانست و پێشکەوتندا، بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستانەی پێشانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی دەدا و، بە نواندنی دوژمنایەتی بێسنووری، مێژووی دڕندەیەتیی باوباپیرانی لە سەدەکانی کۆن بەرامبەر بە کورد دەخستەوە ڕوو.

شەڕوشۆڕی بەردەوام لەنێوان هێزەکانی حکوومەتی عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، پشتیوانیی لۆجستیکی ڕژێمی شا لە شۆڕشی کورد، ڕژێمی بەعسی عێراقی ناچارکرد، بەنهێنیی بکەوێتە دانووستانی سیاسیی لەگەڵ ڕژێمی ئێران و، دوای چەند دیدارێکی نهێنیی کە سێ مانگی خایاند، سەرەنجام هەردوو ڕژێمی ئێران و عێراق لەوڵاتی **جەزایر**، بەنێوبژیوانیی سەرۆکی ئەوکاتی جەزایر بەناوی **هواری بومدیەن**، **لەڕۆژی 6ی مارچی 1975 بەرامبەر بە 15ی ڕەشەممەی 1353ی هەتاویی، پەیماننامەیەکیان مۆرکرد کە بریتیبوو لە (7) مادە و (5) تێبینیی.** هەر لەوساڵەدا ڕێککەوتننامەکە بەشێوەی فەرمیی بەناوی گرێبەستەکانی نێوان عێراق و ئێران



**پەیماننامەی جەزایر ڕێکەوتی (٦)ی مارچی ١٩٧٥ کە بەهۆیەوە شۆڕشی گەورەی ئەیلوول هەرەسی پێهێنرا!**

لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرا.

**پرۆتۆکۆلی (3) و (7)** تایبەت بوون بە لەنێوبردنی شۆرشی ئەیلوول و، رێگرتن لە هەر جۆرە جموجۆڵێکی چەکداریی کورد لەهەردوو بەشی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بەهاوبەشی و هاوکاریی یەکدیی.

**رێککەوتننامەی جەزایر** بۆ حەمەڕەزاشا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو. چۆنکە بەهۆیەوە توانی کۆمەڵێک داخوازیی سنووریی بەسەر رژێمی عێراقدا بسەپێنێت. لەپێوەندیی لەگەڵ کوردیشدا، ئاشبەتاڵی بەشۆرشی ئەیلوول کرد و، رژێمەکەی خۆی و، داگیرکەرانی دیکەی کوردستانی سەبارەت بە کێشەی کورد لە وڵاتەکانیاندا ئەرخایەن کرد. هەروەها توانی بەهۆی هاوکاریی گەرموگوڕ و دڵسۆزانەی کاربەدەستانی شۆرشی ئەیلوولەوە، هێزی چەکدار و رێکخستنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)، پەرشوبڵاوبکاتەوە و زەبری کاری و کوشندەی لێبوەشێنێ و، تۆوی بێهیوایی لەنێودڵی نیشتمانپەروەران و تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و، بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەرامبەر بە سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول بچێنێت.

**شەڕی نێوخۆیی لەپێناو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی حیزبی و، لە قاڵبی رێکخراوی سیاسیی، لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوولەوە کە دەکاتە پەنجاساڵێک بەر لەئەمڕۆ، بەهۆی دوژمنایەتیی قووڵی نێوان سەرۆک بارزانی و، باڵی مامۆستا برایم ئەحمەد بناخەکەی داڕێژرا و، پاش نەمانی شۆرش و سەرهەڵدانەوەی حیزب و رێکخراوەی نوێی سیاسی و چەکداریی، ئەم دیاردە نگریس وماڵوێرانکەرە بەشێوەی سیستەماتیک و بەردەوام لەژێر نێو و درۆشمی ناکوردانە و نانەتەوییانەدا، دیسان بۆ ئامانجی کەسی و حیزبیی پێرەوکرا و، داگیرکەرانی کوردستان تێگەیشتن، چۆن دەتوانن وەک چەکێکی کاریگەر، لەسیاسەتی "سەرکوتکردنی کورد بەدەستی کورد" کەڵکوەربگرن...**

لەراستیدا کەمایەسییەکی گەورەیە، تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی بابەتانە و زانستانە سەبارەت بە شۆرشەکانی کورد، بەهەموو تەوەرەکانییەوە نەکراوە و، نووسەری کورد لەبەر گەلێک هۆ، خۆی لەقەرەی ئەم بابەتە گرنگە نەداوە و نایدات. هۆکەشی ئەوەیە، ئازادیی بیروڕادەربڕین، نە لەلایەن رژێمەکانی دڕندە و داگیرکەری کوردستان و، نە لەلایەنی رێکخراوە و دەسەڵاتی رامیاریی کورد خۆیەوە، نەبووەتە یاسا و کولتوور و پێڕەوە ناکرێت. لەکۆندا بەهۆی ناهۆشیاریی سیاسی و نەتەوەییەوە، بایەخ و گرنگیی بەنووسینەوەی سەربردە و راپەڕینەکان نەدراون، ئەوڕۆکەش، دەسەڵاتی حیزبی و نان و بەرتیل و گوللە، رێگرن لەبەردەم، خستنەڕووی زانستانەی بەسەرهاتی راپەڕینە بێئەنجام و خوێناوییەکانمان.

وەنەبێ منیش بەنووسینەوەی ئەم چەند لاپەڕەیە سەبارەت بە شۆرشی ئەیلوول، بڵێم کاری توێژینەوەم ئەنجامداوە! نا! لێدوان و نووسین سەبارەت بە شۆرشێکی گەورەی وەک شۆرشی ئەیلوول، کە لەقۆناخێکی گەلێک هەستیاری جیهانی و، لەگەرمەی **"جەنگی سارد"** و کێشمەکێشی قووڵی نێوان دوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژاڤا هەڵگیرسا و، سیاسەتی نێودەولەتیی، بەهۆی گرێدراویی داگیرکەرانی کوردستان بەدنیای دووجەمسەرییەوە، لەوسەردەمەدا رێگەی بەسەرکەوتنی راپەڕینی کوردان و سازبوونی دەولەتێکی کوردی لەهیچ بەشێکیدا نەدەدا. ئەم راستییەش لەبیرەوەرییەکەی **هێنری کیسینگەر (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی**

**رابردوو) (3*)** بەباشی ڕەنگیداوەتەوە و، دانیپێداناوە، کە چلۆن **ئەمریکا و شای ئێران و ئیسرائیل** و ڕۆژاڤا بەگشتیی، کورد و کێشەی کوردیان لەپێناو گەیشتن بە ئامانج و ستراتیژی سیاسیی خۆیان بەکارهێناوە، لێ سەرەرای ئەمانە، لاوازبوونی دیپلۆماسی و، ناهۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و، شەڕی نێوخۆیی و، هەڵنەسەنگاندنی زۆرلایەنی نێوخۆیی ودەرەکی و، گرێدراویی شۆرشەکە بە ڕژێمی شای ئێرانەوە، پێویستیان بە شیکردنەوەی هورد و بابەتانە وهەمە لایەنتر و پوخت وتێروتەسەلتر هەیە.

**بێگومان، کاتێک دەتوانین شیکردنەوەی ڕاست و زانستانە سەبارەت بە شۆرش، یان بزاڤێکی نەتەوەکەمان لە قۆناخێکی تایبەت و دیاریکراوی مێژووییدا ئەنجامبدەین، کە چاوکانی و پێوانەمان، بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەیی بێت. ئەوجا لەوپێداچوونەوە و شیکردنەوەیەدا، هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆرش، پێکهاتەی بەڕێوەبەرێتییەکەی، پێگە و ڕوانگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی سەرکردەیەتیی شۆرشەکە، ئامانج و بەرنامەی سیاسیی ڕێبەرانی شۆرش، ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی کوردەواریی لەوسەردەمەی کە ڕاپەڕینەکەی تێدا بەڕێوەچووە، بارودۆخی سیاسیی نێوچەکە و جیهان و گەلێک لایەنی دیکەی نێوخۆیی و دەرەکیی دەگرێتەوە، کە نووسین و ئامادەکردنی هەموو ئەمانە، کاری تاکە کەسێک و دوو کەس نییە و، پێویستی بە کۆمەڵێک مرۆڤی پسپۆڕ و زانا و نیشتمانپەروەر و دڵسۆز هەیە، کە لە نێوەندێکی ستراتیژی نەتەوەییدا کۆبووبێتنەوە و، بووجەی تایبەتیان بۆ دیاریکرابێ و، لەژێر کارکرد و دەستێوەردانی هیچ حیزب و خاوەندەسەلاتێکدا نەبن، کە ئەمەش بێگومان ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە هەڵسێ بەجێبەجێکردنی ئەم ئەرکە گرنگە.**

هەرلەو کات و ڕۆژانەدا کە ساواک و داوودەزگەی سەرکوتی حەمەڕەزاشا، لە ڕۆژهەڵات ڕاوی پێشمەرگە و شۆرشگێڕانیاندەکرد و، لە باشووری کوردستانیش بەهاوکاریی ژمارەیەک **لە فەرماندە و بەرپرسانی شۆرشی ئەیلوول، تاک تاک و پۆل پۆل دەگیران و، تەسلیم "ساواک" دەکرانەوە، جموجوڵێکی خوێندکاری و ڕۆشنبیریی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات سەرییهەڵدابوو. دوو هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکیی، دەوریان لەو سەرهەڵدانە ڕۆشنبیرییەدا دەگێڕا:**

**یەکەم،** هەڵگیرسانی **شۆرشی ئەیلوول** و دەنگوباس و ڕووداوەکانی باشووری کوردستان، هەستی نەتەوەیی لەڕۆژهەڵات بووژاندەوە. ئەگەرچی ڕژێمی حەمەڕەزاشا، هەموو هەوڵێکیدەدا تاکو هیچ جۆرە پێوەندی و زانیاریوەرگرتنێک لەنێوان کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا پێکنەیەت، لەگەڵ ئەوەشدا، هاتوچووی بەردەوامی پێشمەرگەی باشووری کوردستان بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵات و، دواندن و پرسیارکردنی خەڵک، بەتایبەتیی لاوانی ڕۆژهەڵات لێیان، هەروەها گوێگرتن لە **"ڕادیۆی شۆرش"**، کە بەدزی ساواک و سیخوڕەکانی حکوومەتەوە لەنێو ماڵان و لەنێو دوکان و بازار گوێی لێدەگیرا، بەتەواوەتیی ئاگاداری دەنگوباسەکانی باشووری کوردستان دەبوون. ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانەوەی هەستی کوردایەتی و نەتەوەیی لەشارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**دووەم،** ئەو بەشە لە چینی خوێندکار و ڕۆشنبیرانی کورد کە لە زانستگەکانی شارەکانی ئێران بەتایبەتیی لە تاران دەیانخوێند، ناسیاری و تێکەڵاوییان لەگەڵ بزاڤی ڕۆشنبیری و خوێندکاریدا پەیداکرد و فێری شێوازێکی نوێی خەبات بوون کە نێوەندەکەی نێو شار و قوتابخانەی شارەکان بوو. ئەم بەشە لە خوێندکار و ڕۆشنبیرانی کورد، پێکەوە و لەنێو خۆیاندا، شانە و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و ڕۆشنبیرییان دادەمەزراند، بەڵام بەشوێنپێهەڵگرتن و، لاساییکردنەوە لە چەپی ئێرانی، بەتەواوەتیی کەوتبوونە ژێرکارکردی بیری کۆمۆنیستی و ئێرانیگەرێتییەوە.

لەشاری تاران، بزاڤی خوێندکاریی لەساڵەکانی 1970-1971- بەملاوە، ساڵ لەگەڵ ساڵ زیاتر پەرەی دەسەند. هەر بەو پێیە، دەزگەی **"ساواک"** یش گرنگی و بایەخی زۆری بە نێوەندەکانی خوێندکاران دەدا و، بەڕێگەی سیخوڕەکانییەوە چاودێریی جموجوڵیانی دەکرد و، پاش دەستنیشانکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان، دەیانگرتن، پاش لێدان و شکەنجەکردنیان لە زیندان، ماوەی زیندانیبوونیان بۆ دەبڕایەوە. لەماوەی چەند ساڵێکدا، تێکڕای ئەندامانی سەرکردەیەتی و ڕێکخستنەکانی **ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران** و، **ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران** و، دوو ڕێکخراوەی ئیسلامیی سەر بە مەلاکان بەناوی **"ڕێکخراوەی فداییەکانی ئیسلام" و، "مؤتلفە اسلامی"**، لەلایەن "ساواک" وە گیران. سەرکردە و کادرەکانیان گوللەبارانکران، یان لەڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی شا تێداچوون. ئەوانیشیان کە گیران، کەوتە ژێر شکەنجەی دژوار و توندەوە. کۆمەڵێک لە خوێندکارەکوردەکان وەک **فواد مستەفا سوڵتانی، شوعەیب زەکەریایی، جەعفەر شەفیعی، برایم وەتەندووست و تەیب ڕوحوڵڵاهی و حەمەحسێن کەریمی و سەید برایمی عەلیزادە** و، چەندین کەسی دیکە کە یەکیان دەناسی، بەنهێنیی چەند شانەیەکی ڕۆشنبیریی کۆمۆنیستییان پێکهێنا و، لەکێشەی نێوان چینی کۆمۆنیست و یەکێتیی سۆڤێتی ئەوکاتدا، ڕێبازی مائۆ سەرۆکی چینیان بەڕەوا زانی و، بوون بەلایەنگری مائۆ. **فواد مستەفا سوڵتانی و چەند کەسی دیکە لەمانەی نێومهێنان، گیران و، کەوتنە زیندانەوە. بەهۆی ڕێککەوتنەکەی ساڵی 1975 لەنێوان ڕژێمەکانی عێراق و ئێران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تازە دوو – سێ ساڵێک بوو شەڕی چەکداریی لەدژی ڕژێمی عێراق ڕاگەیاندبوو، بەرەورووی بارودۆخێکی گەلەک دژوار هاتبوو، ڕێگەی هاتوچۆی ئێرانیان لێگیرابوو، سوپای عێراقیش پەیتاپەیتا هێرشیدەکردە سەریان. لەسەر داوای جەلال تاڵەبانی، کۆنەهاوڕێیانی لە بۆکانەوە بڕێکی باش پووڵ و نان و خواردەمەنی و دەوادەرمانیان کۆکردنەوە و، دوو کەس لەهاوڕێیانی ئەم شانە نهێنییە مائۆئیستییە بەناوی دوکتۆر جەعفەر شەفیعی و ساعد وەتەندووست(مامۆستا برایم)، شتەکانیان بردبۆیان و، تاکاتی ڕووخانی ڕژێمی شا، لەنێو بارگە و پێشمەرگەی یەکێتیدا مانەوە.**

بەم چەشنە، حەمەڕەزاشا، لەسایی هۆشیاری و تێکۆشێنی ساواک و زەبروزەنگی سوپای داپڵۆسێنەرییەوە، هەموو جموجۆڵێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و چەکداریی لە ئێران و لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەنێو برد و، ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا نەهێڵا و، بەدڵنیایی و ئاسوودەییەوە، کوردگوتەنی: **"پاڵی لێدایەوە!".**

**ساڵی 1976**، حەمەڕەزاشا لەژێر گوشاری دەوڵەتی ئەمریکا، ڕێیدا بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانیی سەردانی زیندانەکان بکا و، لەنێزیکەوە لەگەڵ زیندانییەکان بدوێن و لەبارودۆخی نێوزیندانەکان ئاگاداربن، هاوکات ڕێدرا بە نووسینی هێندێک هەواڵ و وتاری ڕەخنەگرانە لەڕۆژنامەکاندا. ئەمەش تارادەیەک کەشێکی سیاسیی تازەی هێنایەپێشەوە، کە ڕۆشنبیران و، نەیارانی سیاسیی ڕژێم، پاش ساڵانێکی زۆر زاتبدەنە سەرخۆیان و، لەڕۆژنامەکاندا بنووسن، یان شەونامەبڵاوبکەنەوە.

ڕۆژی **16ی مانگی گەلاوێژی 1356ی هەتاوی (7/8/1977)**، بەفەرمانی شا، **سەرۆکوەزیران ئەمیر عەباس هۆوەیدا** پاش **13** ساڵ لابرا و، **"جەمشید ئاموزگار"** لەجێی دانرا. لەرۆژی **25ی** گەلاڕێزانی **1356**، سەرکۆماری



**لەچەپەوە، جیمی کارتر سەرکۆماری ئەمریکا،مەلیک حسێن شای ئۆردەن، حەمەڕەزاشا و شاژنی ئێران**

ئەمریکا **جیمی کارتر** هاتە تاران و، داوای لەشا کرد مافی مرۆڤ لەوڵاتەکەیدا زیاتر بپارێزێت. شا بەڵێنی چاکسازیی دا، بەڵام بەکردەوە هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرت. لەکاتی سەردانەکەی جیمی کارتردا خۆپێشاندانێکی بەرین لەلایەن خوێندکارانی زانستگەکانی تارانەوە بەڕێوەچوون، کە لەمیدیای دەرەوە دەنگیدایەوە. **سەرۆکوەزیران جەمشید ئاموزگار**، نەیتوانی هیچ بەرنامەیەکی چاکسازیی ئەنجامبدات، چۆنکە بڕیارەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن شاوە دەردەکران و، سەرۆکوەزیران، یان هەر کاربەدەستێکی دیکە دەبوو تەنیا جێبەجێکەری ئەو فەرمان وراسپاردانە بن کە شا دەریاندەکات. خۆپێشاندانەکان سەرەتا لە نێوەندی ئاینی **قۆم**، پاشان لە **تەورێز** سەریانهەڵدا و، دوای چەند حەفتەیەک وەک پووش و ئاگر بەرەو شارەگەورەکان و شاروشارۆچکە و هەموو نێوەندەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و کرێکاریی تەشەنەی سەند.

# باروودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## لەدواسالی تەمەنی ڕژێمی حەمەڕەزاشادا

خۆپێشاندان و پەلاماردان بۆ سەر بانکەکان و دەزگە و پێگەکانی سەرکوتی ڕژێم لەپارێزگەی **کوردستان (سنە) و، لەپارێزگەی ورمێ**، سەرەتا لەلایەن بەشێکی کەم لەخوێندکاران و ڕۆشنبیرانی شۆرشگێڕەوە دەستپێکرد. بەڵام لە **ستانەکانی ئیلام و لۆڕستان و کرماشان**، بەهۆی ئەوەوە کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو پارێزگانە سەر بە ئاینزای شیعەن، هەر لەسەرەتاوە، مەلاشیعەکان ڕۆڵی گەورەیان لە سازدان و ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان بەئاراستەی بیروباوەڕی ئیسلامیدا گێڕا. لەپارێزگە شیعەنشینەکاندا مەلاکان ولایەنگرانی ئایەتوڵڵا خومەینیی سەرپەرشتیی ڕێپێوانەکان و، جۆری درۆشمەکانیان دەکرد و، بەوێنەی شوێنەکانی دیکەی ئێران، لایەنەسیاسییەکانی دی، ناچاربوون لەژێر چەتری پێڕەوانی ئایەتوڵڵا خومەینیدا لەپلانی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیدا بەشداربیکەن.

بەڵام، ستانەکانی **سنە** و **ورمێ**، بەبەراورد لەگەڵ ستانەکانی دیکەی کوردستان و بە بەراورد لەگەڵ مەڵبەند و شارەکانی ئێراندا جیاوازبوو. زۆربەی مزگەوتی شارەکانی ئەم دوو پارێزگەیە **(سنە و ورمێ)**، وەکو شارەکانی ئێران، کرابوون بەنێوەندی کۆبوونەوە و باسولێدوانی سیاسی و ڕێخستنی خۆپێشاندانی جەماوەریی، سەرەڕای ئەمەش، هەر لەسەرەتاوە، لەم دوو پارێزگەیەدا ڕۆشنبیرانی چەپ و دیمۆکرات، ڕیزی خۆیان و، تەنانەت مزگەوتی خۆشیان لە ئیسلامیستەکان جیاکردبووەوە. ئەو بەشە لەمامۆستایانی سەربە ئاینزای سوننە و لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی لەکوردستان کە دژایەتیی شایان دەکرد، هێندێکیان لایەنگری **مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی** بوون، کە لە شاری **مەهاباد** دادەنیشت. هێندێکی دیکەش لایەنگری کەسایەتییەکی ئاینیی خەڵکی شاری **سنە** بوون بەنێوی **کاک ئەحمەو موفتیزادە.**


مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی

**شێخ عێزەدین حوسێنی**، مامۆستای ئاینی و، خاوەنی بیروباوەڕی ئیسلامیی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی دێمۆکرات و ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر بوو. لە پەیام و وتەکانیدا باسی یەکێتی و یەکڕیزیی گەلی کوردی دەکرد بە هەموو ئایدۆلۆژی و پێکهاتەجیاوازەکانییەوە. هیچ جیاوازییەکی لەنێوان کوردێکی موسڵمانی خەباتگێڕ و، کوردێکی کۆمۆنیستی شۆرشگێڕدا نەدەکرد. ئەمەش ببوو بەهۆی ئەوەی کە لەماوەیەکی

کەمدا شێخ عێزەدین لەنێو ڕۆشنبیرانی چەپ  ودیمۆکرات و جەماوەری خوازیاری ئازادیدا خۆشەویست بێ و، لەدەوری کۆببنەوە.

بەپێچەوانەی شێخ عێزەدینەوە، کاک ئەحمەد موفتیزادە کە هەر لەسەردەمی ڕژێمی حەمەڕەزاشاوە، پێوەندیی نێزیکی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئایەتوڵڵاکان و مەلاشیعەکانی نەیاری شادا هەبوو، لەگەڵ پەرەسەندنی ئاستی ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران لەدژی ڕژێمی پاشایەتیی، ئەم پێوەندییەی نێوان خۆی و مەلاشیعەکانی توندوتۆڵتر کرد. هێشتا چەند مانگێکی مابوو ڕژێمی پاشایەتیی بەتەواوەتیی هەرەس بێنێ، ژمارەیەک لە مەلاپایەبەرزەکان و ئایەتوڵڵاکان بەنوێنەرێتیی لەلایەن ناوەندەکانی ئاینزای شیعەوە، دەهاتنە کوردستان و، ڕاستەخۆ لەگەڵ کاک ئەحمەد موفتیزادەدا پێوەندییان دەگرت و، پێکەوە پلانیان دادەڕشت، کە ڕووی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانیش وەکو باقی شوێنەکانی ئێران، بەلای داخوازیی ئاینی وبیری ئیسلامیەتیدا بەرن. **"ئایەتوڵڵا سەفدەری"** بۆ شاری **سنە** و، **"ئایەتوڵڵا جەننەتی"** بۆ شارەکانی **سەقز و بانە دەستنیشانکران...**



**کەسایەتیی ئاینیی ئەحمەد موفتیزادە**

**ئەحمەد موفتیزادە**، بەوەرگرتنی ڕێنوێنی لە مەلاشیعەکانەوە، دووبنکەی سیاسی و چەکداریی لەنێوچە سوننەکانی کوردستاندا دامەزراند و، نێوی **"مکتب قورئان"** و **"کۆمیتەی ئیسلامیی"** لێنان. بۆ کۆکردنەوەی مامۆستایانی ئاینیی لەدەوری خۆی، دەستی بەجەولە کرد و، لە ناوچەکانی **بۆکان وسەقز و کرماشان و مەهاباد و بانە و مەریوان و کامیاراندا توانی دەیان مامۆستا و فەقێ و لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی بۆلای خۆی ڕاکێشێت. لەلایەن ئایەتوڵڵاکانەوە بووجەی تایبەت بۆ خۆی و پێڕەوانی و بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکانیان برایەوە و، ئەو بووجەیە ڕاستەوخۆ لە شاری ئاینیی "قۆم" وە دەنێردرا بۆیان و، لەنێو پێڕەوانی و چەکدارەکانی بنکەکانی "کۆمیتەی ئیسلامی" و "مکتب قورئان" دا بڵاودەکرایەوە.**

**(هێژای گۆتنە، ئەحمەدموفتیزادە و زۆربەی پێڕەوانی و چەکدارەکانی "کۆمیتەکانی ئیسلامیی"، لەدوای ڕووخانی یەکجارەکیی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، هاوکارییان لەگەڵ ڕژێمی مەلاکانی ئێران درێژەپێدا و، لەکاتی هێرشی سوپا و پاسدارانی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان، خیانەتیان لەگەلی خۆیان کرد و، بوون بە "جاش").**

**حیزبی توودەی ئێران و ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران و، هەروەها کۆمۆنیستەکانی سەربە ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران** لەرۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتنە هەوڵی ئەوەوە کە شانە و ڕێکخستن پێکبهێنن و، لەخۆپێشاندانەکانیشدا چالاکانە بەشدارییاندەکرد



سەرۆکی کۆمەڵە فواد مستەفا سوڵتانی

بەشێک لەرۆشنبیرانی سەر بە هێڵی چەپ، لەشارەکانی سەر بە پاریزگەی **سنە و ورمێ**، نێوەندێکیان بەنێوی "**جمعیت دفاع از آزادی زحمتکشان**"، **(کۆمەڵەی پارێزگاریکردن لە ئازادیی زەحمەتکێشان)** دامەزراند.

هەردوو بەرەی ئیسلامی سیاسی و چەپەکان لە کوردستان، واتە "**کۆمیتەکانی ئیسلامی**" سەر بە ئەحمەد موفتیزادە و، "**جمعیت**"ی سەر بە کۆمۆنیستەکان، تێدەکۆشین بۆ سەرپەرشتیکردنی خۆپێشاندانەکان و، ببوون بەجێگرەوە و ئالتەرناتیڤی دوای نەمانی دەسەلاتی ڕژێمی پاشایەتیی لە کوردستان. لەبەر ئەوە **لەشارەکانی کوردستان – بەتایبەتی لەشارەکانی سنە و سەقز، ئاستی دژایەتیی نێوانیان توندوتیژتر بوو.**

لەگەڵ ئازادبوونی ژمارەیەک **لەئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان** لە گرتووخانەکانی ڕژێمی شا، بەتایبەتیی دوای ئازادبوونی کارگێڕ و سەرکردەی کۆمەڵە **فواد مستەفا سوڵتانی**، کۆمەڵە لە چەند مەڵبەندێکی کوردستان وەک **مەریوان** و **سنە** و **سەقز**، "**یەکێتیی جوتیاران**" ی سازکرد و، هێزێکی چەکداری لێ پێکبهێنان و، لەدژی بەگزادە و فیودالەکان ڕێکیخستن. لەناوچەکانی **دیواندەرە** و **سەقز**، شەڕولێکدان لەنێوانیاندا دروستبوو. **ڕژێمی تازەدامەزراوی ئیسلامییش سوودی لەم کێشەیە بینی و، پشتگیریی ئاغاوبەگزادەکانی ناوچەکەی کرد و، هێزێکی چەکداری لێ پێکهێنان. درێژەی ئەم باسە پێوەندیی بەناوەرۆکی ئەم نووسینەوە نییە.**

## بارودۆخی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران،

## لەدواساڵەكانی ڕژێمی حەمەڕەزاشادا!

**حیزبی دێمۆكراتی كوردستان، لەنێو نیشتمانپەروەران و، وەچی بەساڵاچوو و بەتەمەنی كوردستان خاوەنی ناوبانگ و پێشینەیەكی گەش بوو. حیزبی دێمۆكرات، لەدوای رووخاندنی كۆماری كوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی و كۆمەڵێك لە كاربەدەست و وەزیرەكانی كۆمار، تا كاتی دەستپێكردنی خۆپێشاندانی بەرینی گەلانی ئێران لەدژی رژێمی حەمەڕەزاشا، ساڵانێكی دوورودرێژی لەنێو شەوەزەنگ و تیرۆر و دیكتاتۆریی پەهلەویدا تێپەڕ كردبوو. بەهۆی هێرشی ساواك و سوپا بۆ سەر ئەندامان و رێكخستن و هێزی پێشمەرگەی حیزبەوە، زەبرێكی كاری وگەورەی لێدرابوو. لەنێوخۆی وڵات، رێكخستن و شانە نهێنییەكانی لەدەست دابوو. زۆربەی ئەندامانی لێهاتوو و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی كە لەباشووری كوردستان دەژیان، لەلایەن سەرۆكایەتیی شۆرشی ئەیلوولەوە تەسلیم بە شای ئێران كرابوونەوە، یان تێرۆركرابوون، یان دوورخرابوونەوە.** بەشێكی دیكە لەكادر و پێشمەرگەی حیزب، لەسایی سەركردەیەتیی شۆرشی كورد و، دوای هەرەسهێنانی شۆرش، دەستیان لەهەموو شوێنێك دابڕابوو، بەناچاری خۆیان تەسلیم بە رژێمی شا كردبووەوە و، وازیان لەچالاكیی سیاسی و حیزبی هێنابوو سەرقاڵی كار و ژیانی ئاسایی خۆیان بوون. چەند كەسێكی دی لەسەركردەیەتی و كادرەكانی حیزب لە ئوروپا لەوڵاتانی سەر بە یەكێتیی سۆڤێت دەژیان، یان لە بەغدا دانیشتبوون و، چاوەڕوانی قەزاوقەدەریان دەكرد. لەبەر ئەوە لەكاتی پەرەسەندنی خۆپێشاندانی سەرتاسەریی گەلانی ئێراندا، پەرتەوازەیی و هەروەها كاریگەریی ترسوسام و دیكتاتۆریی رژێمی حەمەڕەزاشا بەرادەیەك لەسەریان مابوو كە خۆپێشاندانی سەرتاسەریی گەلانی ئێرانیان وەكو رووداو و هەڵچوونێكی كاتیی تەماشا دەكرد و لەو باوەڕەدابوون رژێمی شا بەرادەیەك بەهێز و خاوەندەسەڵاتە، كە خۆپێشاندانەكان بەهاسانی سەركوتدەكا و، وەك ساڵانی پێشووتر، دەستدەكاتەوە بەگرتنوكوشتن و لەسێدارەدان. بەكورتی، راپەرینی گەلانی ئێران سەرتاسەری شار و نێوەندەكانی ئابووری و پیشەیی و كۆمەڵایەتیی گرتبووەوە، بەڵام سەركردەیەتیی حیزب، لەدوورەوە و، لەرێگەی رادیۆ و رۆژنامە و راگەیاندنەكانەوە، چاودێریی رەوتی رووداوەكانی دەكرد.

**لەمبارەوە، كاك عەبدوڵڵا حەسەنزادە سكرتێری پێشووی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران، لە پەرتۆكی "نیوسەدە تێكۆشان" لاپەڕە (١٠٩) دا ئاوای نووسیوە:**

**(.... ئەوەی راست بێ تەنیا كەس كە بەبێ قەید وشەرت ئامادە بوو بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و كاری حیزبی بكا خوالێخۆشبوو سید رسوول دهقان (سەید رەسووڵ بابی گەورە) بوو. ئەو هەر لەبەهاری 1357 دا بەتاقی تەنیا گەڕایەوە كورستانی ئێران و بۆ ماوەی زیاتر لە دوومانگ لەناوچەكانی مەهاباد و نەغەدە و پیرانشار لەنێو خەڵكدا كاری كرد. ... هاوڕێیانی دیكە دوو بەش**

**بوون. بەشێک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە بەڕاستی زۆر بەکەمی خۆیان لە کاری عەمەلی دەدا. بە جۆرێک کە هەتا ئاخر و ئۆخری پاییزی 1357 ، (دێسەمبەری 1978)، نەگەڕانەوە کوردستان. بەهەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حەوتوویەک لەنێوخۆی ولاتدا نەببوون...).**

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەدوای رووخانی کۆمار و سەردەمی شۆرشی ئەیلوول، تاکاتی رووخانی رژێمی پاشایەتیی لەئێران، لەبری ئەوەی بەروانگەیەکی نەتەوەییەوە یەکێتی و تەبایی نێوان خۆیان بپارێزن و، تێبکۆشن بۆ پێگەیاندنی خۆیان و پەروەردەکردنی کادری حیزبی و، رێکخستنی نهێنیی لەشار وگوندەکان، بۆ ئەوەی لەئەگەری سەرهەڵدانەوەی بارودۆخێکی سیاسیی گونجاو، بەئامادەیی تەواوەوە بێنەوەمەیدان و، بەلێوەشاوەیی و ئەزموونێکی زیاتر لەرابردوو، کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ولاتەکەیان بگرنەوەدەست، کەچی کێشەی نێوان باڵەکانی **"مەلایی" و "جەلالی" و لایەنگیری لەحیزبی توودەی ئێرانیان کردبوو بەکێشە وسەرقاڵیی بۆخۆیان و، سالانێکی زۆریان بەناکۆکیی نێوخۆیی و، دژایەتیکردنی یەکدییەوە تێپەرکردبوو. ئەوە بوو کاتێک رژێمی حەمەرەزاشا بەرەو رووخان دەچوو، سەرکردەیەتیی حیزب بەسەر بارودۆخێکدا کەوت، کە بەهیچ شێوەیەک خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو.**

سەرکردەیەتیی حیزب لەکۆبوونەوەیەکیدا کە لە شاری بەغدا دەیگرێت، بریاردەدات کۆمیتەیەکی تازە پێکبێنێ لەو کەسانەی ئامادەن بگەرێنەوە بۆ نێوخۆی ولات و، ناوی دەنێن **"کۆمیتەی زاگرۆس"**. بەلام پاش گەرانەوەی ئەم کۆمیتەیەش بۆ نێو شارەکان، بەهۆی لێکدانەوەی هەڵەی حیزب سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی رژێمی شا و ئێران بەگشتیی، بریاردەدات لەنێو جەماوەری کورددا بەنهێنیی خەباتی سیاسی بکات.

**کاک عەبدوڵلا حەسەنزادە لەم پێوەندییەدا پتر رۆناکایی دەخاتە سەر ئەم باسە و، لەلاپەرەی (122) ی "نیوسەدە تێکۆشان" دا دەڵێت:**

**(کاتێک بۆ رۆژی 2ی رێبەندانی 1357 لە مەهاباد خەڵکمان بۆ رێپێوان و کۆبوونەوە لە مزگەوتی سوور بانگهێشتن کردبوو، شەوی دووی رێبەندان پێشنیارم کرد، کە بەیانی بچم لەمزگەوتی سوور بەناوی خۆم قسە بۆ خەڵک بکەم، کەچی بەو بیانووەوە کە "زاگرۆس" بریاریداوە ئێمە بەنهێنی بژین، دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ویش دا کاک غەنی موافەقیان لەسەر نەکرد. رووداوەکان ئەوەندە خێرا دەچوونە پێش کە ئێمە پێیان رانەدەگەیشتین. بەتایبەتی کە هەم ماوەیەکی زۆر بوو لە ولات دوور بووین و هەم بەهێندێ بریاری وشک دەست و باڵمان بەسترابوو. بۆیە زۆرم نەگوتوە ئەگەر بڵێم وەختێک رژێمی شا رووخا لەراستی دا بەسەرمان دا رووخا. چونکە لە هیچ باریکەوە خۆمان بۆ ئامادە نەکرابوو کادری پێویستیشمان بۆ وەلامدانەوەی ئەرکەکانی ئەو قۆناخە بۆ پەروەردە نەکرابو کە هیچ، هەر نەشمان بوو....).**

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، پاش پتر لە سی ساڵ خەباتی نهێنیی، سەرەنجام لەمانگی رەشەممەی ساڵی 1357، (2/3/1979)، لەشاری مەهاباد میتینگی گەورەی گرت و، دوکتۆر قاسملوو کە لە کۆنگرەی سێیەمەوە**

ببوو بە سەرۆکی حیزب، لەبەرامبەر دەیانهەزار خەڵکی بەشدار لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەدا، گوتی: **"لەمڕۆوە، خەباتی ئاشکرای سیاسی و یاسایی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستپێدەکات...".**



**دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

لەگەرمەی خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەهۆی نزمبوونی ئاستی هۆشیاری سیاسیی خەڵکەوە، زۆربەی ئەو درۆشمانەی دەکەوتنە سەرزار و لەنێو کۆڵان و شەقامەکاندا دووبارە دەکرانەوە، هیچ پێوەندییەکیان بەکێشەی ڕەوای نەتەوەیی کورد و داخوازییەکانییەوە نەبوو. **ڕۆژ، ڕۆژی هوتافکێشان و هەڵچوون و دەمارگرژیی بوو لەسەر بیروباوەڕی ناقۆڵا و نەگونجاو بەرامبەر دۆزی ڕەوای کورد. درۆشمی کۆمۆنیستی و ئیسلامی و ڕاست و چەپ و سووپەرچەپ دەگەیشتنە ئاسمان و ئاڵای زەرد و سۆر و کەسک و داسوچەکوچنیشان و ئاڵای ئیسلام بەسەر دەستەوە دەشەکانەوە، بەڵام ئاڵای کوردستان و، درۆشمی نەتەوەیی، نێوی لە کوولەکەی تەرپیشدا نەبوو.** لەشارەکان، لەڕێگەی هێندێک لەهاوڕێیانی نێزیکی سەرکردەیەتی و لایەنگرانی سەر بە **یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، گەلێک درۆشم دەکەوتنە سەر زارانەوە لەدژی پارتی و بارزانی و "قیادە موقت"، بێئەوەی خەڵکەکە بزانن، چ ئامانجێک لە پشت ئەو درۆشمانەوەن و، لە سوود و بەرژەوەندیی کێدەدرێن. ئەوەش لەرەوتی خۆیدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزاڤە ساوا و کەمئەزموونەکەی لە ناکۆکییەکەوە وەردا، کە زۆر بە زیانی یەکڕیزیی کورد و بەرژەوەندییەکانی شکایەوە ...**

**چەند مانگێک بەر لەڕووخانی ڕژێمی پەهلەویی، لە شاری سەقز ڕێکخراوەیەک بەناوی "کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان" دامەزرا. دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوەیە کاک مەلا سەید ڕەشێد ئەندامی پێشووی سەرکردەیەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو. مەلا سەید ڕەشید لەهاوڕێیانی نێزیکی ئەحمەد تۆفیق و، کەسێک خاوەن بیری نەتەوەیی بوو. ڕێکخراوەکە ماوەیەک لە سەقز و دەوروبەری پەرەی سەند و، توانی دەیان پێشمەرگە و ئەندام لەخۆی کۆبکاتەوە. بەڵام بەهۆی کوژرانی مەلاسەید ڕەشید لەشەڕی ئاغاکانی ناوچەی دیواندەرەوە و، دژایەتیی توندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ بوونی ئەم ئەم ڕێکخراوەیە، دوای چەند مانگێک هێزوتوانای خۆی لەدەستدا و، ساڵانێکی زۆر وەک شانەیەکی ڕۆشنبیریی مانەوە و، هیچ کاریگەرییەکیان نەما.**

بەکورتی، لە کوردستان و لە ئێران بەگشتیی، لەنێو هەموو لایەنەکانی نەتەوەیی و سیاسیدا، تەنیا چینی مەلاکان بوون کە هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و، پلاندارێژراو، هێدی هێدی، ڕووی داخوازیی خەڵک و، درۆشمەکانیان بۆلای بیروباوەڕی ئیسلامیدا سووڕاندەوە و لەڕێگەی مزگەوتەکانەوە و، لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی

پەیام و وتەکانی خومەینییەوە توانییان تێکڕای ئۆپۆزسیۆنی ڕەنگاوڕەنگی ئێرانی لەژێر چەتری ڕێبەریتیی ئایەتۆڵڵا خومەینیدا کۆبکەنەوە. ئایەتۆڵڵا خومەینیش لە پاریسەوە پەیتا پەیتا، نامە و ڕاگەیاندراوەی دەگەیشتە دەستی مەلاکان و، بەرێگەی لایەنگرانییەوە، لەهەموو ئێراندا بڵاودەکرانەوە.



روحوڵلا خومەینی سەرۆکی شۆرشی ئیسلامیی ئێران

خومەینی دەیگوت: **"چاوی لەماڵی دنیا و دەسەلات نییە و، پاش رووخانی رژێمی پەهلەوی کە بەکرێگیراوی بێگانەیە، خۆی لە سیاسەتەوە وەرنادا و، دەچێتەوە بۆ مزگەوت و بەڕینوێنیکردنی ئاینیی خەڵک و نوێژ و پەرستکاریی خۆیەوە سەرقاڵ دەبێ! دەیگوت، ئەم باب و کوڕە (مەبەستی رەزاشا و حەمەڕەزاشا بوو! – ن.)، ئێرانیان وێرانکردووە، شارەکانیان وێرانکردووە و، گۆڕستانەکانیان ئاوەدانکردووە. دەبێ ئەم رژێمە نەمێنێت، چۆنکە خەڵک شایان ناوێ. خەڵک ئازادییان دەوێت ...!"**

خەڵکی ئێران لەمێژبوو ئەم قسانەیان لەزاری نەیارێکی شا و کەسایەتییەکی سیاسیی ئێرانییەوە نەبیستبوو. تەمەنی زۆر و پلەی کۆمەلایەتی و ئاینیی خومەینی هۆیەکی دیکە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک باوەڕ بە وتە و پەیامەکانی بێنن. لەبەر ئەوە، تێکڕای دانیشتوانی ئێران، گەیشتن بە هەموو هیوا و ئاوات و ئامانجێکیان لە گەڕانەوەی خومەینیی بۆ ئێران و، لە کەسایەتی و هزر و رامانی خومەینیدا دەدیت. جگە لە خەڵکی ئاسای و رەشوڕووتی ولات، هەروەها چینی خوێندەوار و تێکنۆکرات و، رۆشنبیران و، نووسەران و تەنانەت کۆمۆنیستەکانیش، بێئاوڕدانەوە لەروانگە و بۆچوونەکانی رابردووی ئایەتۆڵلا خومەینیی کە دەیان ساڵ بەرلەوەی بەدەسەڵات بگات، لە دوو پەرتۆکی "**کشف الاسرار**" و "**توضیح المسائل**" و نووسراوەکانی دیکەیدا نووسیبوونی، تەنیا شوێن وادە و بەڵێن و درۆشمەکانی کەوتن!

وەرزی پایزی ساڵی ١٩٧٩، شەپۆلی ناڕەزایەتیی، ریزەکانی خوارەوەی سوپا و پۆلیس و ناوەندەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری و پەروەردەی گرتەوە، شا جگە لە هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات، هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نەمابوو. ئەوە بوو **رۆژی 26ی بەفرانباری ساڵی 1357 (16y january 1979)، حکوومەتی سپاردەدەستی کۆنەنەیارێکی خۆی بەناوی "شاپوور بەختیار" و، لەنێوپەژارە و گریانی دەستوپێوەند و پاسەوانەکانیدا بەچاوی پڕلەگریانەوە لەئێران چووە دەرەوە.**

**لەگەڵ هەڵاتنی شا، مەلاکان دڵنیابوون کە ئێدی چ کۆسپێک لەسەررێی بەدەسەڵاتگەیشتنیاندا نەماوە. ئایەتۆڵڵا خومەینیی لەمێژووی چەندسەتساڵەی پڕهەورازونشێوی چینی ئاینیدا، توانی بەڕووخانی رژێمی**

**پاشایەتیی، لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا یەکەمین حکوومەتی ئاینیی بەسەرۆکایەتیی مەلاکان لەئێران دامەزرێنێت. بەدەیان ملیۆن جەماوەری راپەڕیوی ئێران کە لە رۆژان و حەفتەکانی سەرەتای خۆپێشاندانەکاندا، بۆ وەدەستهێنانی "نان و کار و ئازادی" هاتبوونە سەر جادە و شەقامەکان، پاش چەند مانگێک و، لە رۆژانی نێزیک بە رووخانی رژێمی شادا، شەوانە دەچوونە سەربانی خانوو و باڵەخانەکانیان، تا لەنێو دیمەنی مانگدا وێنە و روخساری ئایەتوڵڵا خومەینی ببینن!! ئەوەش پێشاندەری راستییەک بوو کە نەئەمریکا و رۆژاڤا و، نەبەرەی چەپ و ئازادیخوازانی نێوخۆی ئێرانیش، نەیانتوانیبوو بەشێوەیەکی زانستانە و بابەتانە، نێوەرۆکی کۆمەڵگەی ئێران هەڵسەنگێنن و، بیناسن، بەڵکو ئەوە تەنیا مەلاکان بوون کە بەهۆی پێوەندی و ژیانی بەردەوام و سەتان ساڵەیان لەنێو ئەو کۆمەڵگەی تێیدا ژیابوون و دەژیان، ئاست و رادەی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و تێگەیشتوویی خەڵکەکەی خۆیان دەناسی و، زۆر باش دەیانزانی چۆن و لە چ رێگەیەکەوە، بیانخەنە خزمەتی ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندیی خۆیانەوە..**

مانگی رێبەندان، خۆپێشاندان لە سەر شەقام و جادەکانەوە، گوێزرایەوە بۆ تەقە و لێکدانی چەکداری و هێرشبردن بۆ سەربازگە و بنکەکانی پۆلیس و ژاندارم و ماڵی ئەندامانی ساواک و دایرەکانی ساواک و،



**حەمەڕەزاشا لەکاتی ماڵئاوایی لە هاوڕێیان و، کاربەدەستانی رژێمەکەی، بۆ هەمیشە ئێران بەجێدەهێڵێت**

بەندیخانەکان و، تاڵانکردنی ماڵ و سامانی کاربەدەستانی گەورەی رژێم.

**سەرەنجام راپەڕینی بێوێنە و مێژوویی گەلانی ئێران گەیشتە لووتکە و، لەرۆژی 22 ی رێبەندانی ساڵی 1357ی هەتاوی (11/2/1979ی زاینی)، بەوێنەی ئەرخەوانەسوور کەوتەڕێ و، تەختوبەخت و کۆشکوتەلار و داوودەزگەی رژێمی پاشایەتیی تێکەوەپێچا و لەنێوییبرد.**

## دۆخ و ئەرکی ئێستا

ڕێنیسانس و شۆرشی نوێخوازیی لەرۆژهەڵاتی ناڤین سەریهەڵداوە و، ڕاپەڕینی گەلانی میسر و تۆنس بۆ گەیشتن بەئازادی و ژیان و گوزەرانێکی ئاوڕوومەندانەتر، لەماوەی مانگێکدا رژێمەکانی دیکتاتۆری **تۆنس و میسری** هەڵتەکاند. گەردەلوولی گۆڕان بەرەو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بەڕێوەیە. تێکڕای رژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بەئازادیی ترسیان لێنیشتووە و، لەپیلان و ڕێچارەیەک دەگەڕێن، خۆیان لەم گەردەلوولە رزگار بکەن کە تادێ گەورەتر دەبێت. ئەگەر هەرەسهێنانی **یەکێتیی سۆڤێت** جیهانی بەرەو قۆناخێکی نوێ راکێشا، ڕووداوی **(11)ی سێپتەمبەری ئەمریکاش**، دەستپێکی هاتنەکایەی قۆناخێکی نوێ و چارەنووسساز بوو بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین. بوونی رژێمەکانی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و مرۆڤکوژ، چیدیکە سوودیان بۆ پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندیی رۆژاوا لەنێوچەکەدا نەماوە و، مانەوەی هەرچی زیاتری سیستەکانی تۆتالیتێر و مافیاکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی، هۆکاری سەرەکین بۆ پەرەسەندنی بیری بنچینەگرانەی ئیسلامی و، ڕێکخراوەی تێرۆریستی و دژایەتیکردنی گەلانی ناوچەکە بەگشتیی لەدژی رۆژاوا. ئەمە راستییەکە دەوڵەتەکانی رۆژاوا پێیگەیشتوون و، ناچاریکردوون بۆ کرمکردنەوەی ئەو قورساییە سەربازی و ئابوورییەی **لە ئەفغانستان و عێراق** و، بەگشتیی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا لەگەڵی بەرەوڕوون، ستراتیژێکی سیاسیی نوێ دابڕێژن. پشتیوانیکردنی ئاشکرای دەوڵەتی ئەمریکا لەراپەڕینی گەلانی موسڵمان لەدژی رژێمەکانیان بەڕۆنی گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشاندەدات.

بەکورتی، قۆناخێکی نوێ لەمێژووی چەندین هەزارساڵەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا دەستیپێکردووە. سەردەمی خۆسەپاندنی زۆرەملێ، پیرۆزیی رێبەر و بنەماڵە و، بێڕێزیکردن و، پێشێلکردنی مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بڕیاردان لەچارەنووسی گەلان، تێپەڕیوە و جێی خۆیداوە بە خەباتی جەماوەری و هێنانەسەرکاری سیستەمی دیمۆکراتیک و دادپەروەرانەتر. لەپێوەندیی لەگەڵ کێشەی لەمێژینە و چارەسەرنەکراوی کورددا، پێویستە ئەم هەلومەرجە نوێیە بەزانایی و ژیرییەوە شرۆڤەبکرێت. ئەگەر لە رابردوودا ئیدۆلۆژیسەپاندن و، دروشمی چەوت و نەگونجاوسەپاندن بۆ دەیانساڵ خەبات وچارەنووسی نەتەوەی کوردی بە لاڕێدابرد، بائێدی بەس بێ و، لێگەرێن نەتەوەی کورد وەکو باقی نەتەوەکانی سەرگۆی زەوین، سوود لەم گۆڕانە جەماوەری و هزرییە وەربگرێ و، یاساکانی پەسندکراوی نێونەتەوەیی بکات بەدرۆشم و ئامانج و داوای رەوای و، لەئازادیدا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات.

لەپرۆگرامی **ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، مادەی (1) و مادەی (25) و مادەی (55)** تایبەتن بەمافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و، لەڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەم پێنج خاڵەی خوارەوەدا جێکراوەتەوە:

**1- هەموو گەلێکی خاوەندەوڵەت مافی سەربەخۆیی هەیە و، هیچ حکوومەتێک مافی نییە دەستوەرداتە یەکێتیی خاک و کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتەوە. سازکردنی هەر جۆرە کێشەیەکی دەرەکیی بۆی، رەفزدەکرێ و، رەوایەتیی نابێت.**

**2- هەر گەلێک کە خاکەکەی لەلایەن حکوومەتێکی داگیرکەرەوە، داگیرکراوە، مافی رەوای خۆیەتی خاکەکەی رزگاربکا و، سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ و، کۆتایی بهێنێت بە بندەستبوونی.**

**3- هەر گەلێک دەتوانیت لەهەڵبژاردندا دەوڵەتی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت. (وەک ئەمەی لەوڵاتانی رۆژاڤای ئۆروپادا پێڕەودەکرێت!).**

**4- هەر گەلێک مافی هەیە جۆری سیستەمی حکوومەتی خۆی دەستنیشانبکات.**

**5- مافی بڕیاردانی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا کە لەمادەی (25)ی رێککەوتننامەی نێونەتەوەیدا هاتووە و، هەموو مافەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تێدارەچاوکراوە و، دەڵێ: " تێکڕای دانیشتوانی هەر وڵاتێک، مافی بەشداریکردنی چالاکانە وهەمیشەییان هەیە لەبڕیاردان و دەنگدان، بەیەکسانیی لەبەڕێوەبردنی حکوومەت وڵاتی خۆیاندا.**

ئەگەر ئەم پێنج پرنسیپانەی سەرەوە بکەینە بنەمای تێڕوانینمان سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد، ئەوا بەدڵنیاییەوە، داتاشینی هەموو ئەو ئیدۆلۆژی و درۆشمە ناقۆڵانەی کە بۆماوەی دەیانساڵ سەپێندران بەسەر خەباتی نەتەوەی کورددا، بەنارەوا ونایاساى و نامرۆڤانە و، نانەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێن و، لەمەبەدواوە رۆشنبیران و، نیشتمانپەروەران و گەلی کورد بەگشتیی نابێ رێگەبدەن، سەرۆک، یان سەرکردەیەتیی هیچ حیزب و رێکخراوەیەکی کوردی، لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندیی خۆی و حیزب و بنەماڵەکەیدا، گەمە و سووکایەتیی بەچارەنووسییەوە بکا و، مافی بڕیاردانی لێ زەوتبکات

تێگەیشتنی راستورەوا بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا ئەوەیە نێوەندێکی کوردستانیی پێکبێت بەبەشداریی ئەو حیزب و رێکخراوەسیاسی و کۆمەمەڵایەتییانەی کە نەفرەت لە گەندەڵی و دەستەودەستەگەرێتی و حیزبحیزبێنە دەکەن و، هەموو ئاوات و ئامانجیان ئەوەیە نەتەوەی بەشمەینەت و کۆیلەی کورد لەژێرچنگی داگیرکەرانی خوێنڕێژ و دڕندە و دژ بەمرۆڤ رزگاربکرێت. پلاتفۆرمێک دابڕێژرێ، خەباتی نەتەوەی کورد لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات یەکبخرێ، **درۆشمی رفراندۆم بۆ کوردستان و، مافی دیاریکردنی چارەنووس** بۆ کورد وەک داوای یاسایی و رەوا، بکرێت بەدرۆشمی تێکڕای کۆمەڵانی گەلی کوردستان، بۆ ئەوەی پێش رووخانی رژێمی داگیرکەری ئێران، یان لەئەگەری هاتنەکایەی هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی تازە لەڕۆژهەڵاتی ناڤین، گەلی کورد پێشوەخت بەئامادەیی تەواو و، بەبەرنامە و داخوازیی ئاشکرا و روونەوە بەرەو پیری رووداو و گۆڕانکارییەکان بچێت.

**ئەو پلانە گەورەیەی بۆ گۆڕینی رۆژهەڵاتی ناڤینی تازە، لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی هاوستراتژیکییەوە نەخشەی بۆدارێژراوە، سەرەداوەکەی لە وڵاتی "تۆنس" ەوە دەستیپێکرد و، بەڕووخانی رژیمی ئێران کۆتایی پێدەهێنرێت.**

(32) ساڵ دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم پرسیارە دەبێ لەخۆمان بکەین، پاش کوژران و بریندابوون و لەسێدارەدانی دەیانهەزار رۆڵەی نەتەوەکەمان، پاش هەموو سووکایەتی و بێڕێزی و دەستدرێژیکردنێک بۆ سەر کچان وکوڕانی نەتەوەکەمان، پاش بەتاڵانبردنی سەدان ملیارد داهاتی کانزا و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوینی کوردستان لەلایەن رژێمی خوێنڕێژ و داگیرکەری ئێرانەوە، لەماوەی ئەم سی و دووساڵەدا، چ ئەزموون و وانەیەکی سیاسیی فێربووین؟! یەکڕیزی و تەبایی و رێزگرتن لەبیروڕای جیاواز و، پێشکەوتنی خەباتی نەتەوەییمان لەچ ئاست و رادەیەکدایە؟! جێگەی داخە، نەتەنیا لەهیچیەکێک لەم بوارەگرنگانەدا پێشنەکەوتووین، بەڵکو لەسایی سیاسەتی هەڵەی حیزبەکانمانەوە، چارەنووسی سیاسیمان لێڵ و تاریکە. ئەم حیزبانەی ئێستا هەمانن، کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و، هێشتا بستێک خاک بەدەستیانەوە نییە، لەسەر کورسی و پلەوپایە و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی بوونەتە دەیان پارچەوە و، بەبیستنی ناوی یەکدیی تووشی لەرزوتادێن و، تف لەسێبەری یەک دەکەن، ئەگەر رژێمی ئیسلامیی ئێران رووخا و، گەڕانەوە بۆ نێوخۆڵک و شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئایە نایکەن بەشەڕەگەڕەک و شەڕەقۆچەقانێ و هەرلایەنەیان ناکەونە پەلوپۆ کە لای دەوڵەتی تازەدامەزراوی ئەوکاتی ئێران حسێبیان لەسەربکرێ و، بەوەش بەوێنەی سەرکردەکانی باشووری کوردستان، هەلێکی دیکەی مێژوویی لەکیس کورد نادەن؟!

بۆ رێگرتن لەهاتنەکایەی دۆخێکی ئەوتۆ دزێو و ناجوامێرانە و نانەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە هەر لەئێستاوە، رێکخراوەکانی مەدەنی و مرۆڤی و رۆشنبیریی بەئامانجی نەتەوەییەوە زیاتر پەرەبستێنن. دڵسۆزان ونیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان پێویستە کۆمیتەی رفراندۆم بۆ کوردستان و، مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد پێکبهێنن و، هەموو توانای راگەیاندن و دارایی و رێکخستن و دیپلۆماسی بخرێتەکار بۆ ئەوەی ئەم درۆشم و داخوازییە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات، ببێت بەدرۆشم وداخوازیی ملیۆنان کورد. بێگومان سەدان کوردی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لەنێو حیزبەکاندا هەن کە بیری نەتەوەییان هەیە و، دەتوانن لەنێو حیزبەکانی خۆیاندا رفراندۆم بۆ کوردستان و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد، بکەن بەباسی سەرەکیی. وازهێنانی سەرۆکایەتیی حیزبەکان لەسەپاندنی درۆشمی فیدراڵی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان کەهیچکات سەرکەوتوونابێت (ئێمە نموونەی شکستخواردووی باشووری کوردستانمان هەیە، چۆنکە پێشزەوینەی دامەزرانی سیستەمی فیدراڵی لەهەر وڵاتێکدا کە چەند نەتەوەی جیاجیای تێدادەژین، بوونی فەرهەنگ و بیری یەکسانی و ئازادیخوازییە کەلەپرۆسەیەکی دوورودرێژی مێژووییدا کاری پێکرابێ)، و، بەرزکردنەوەی درۆشمی مافی چارەی خۆنووسین بۆکورد، دەبێتەهۆی ئەوە کە هاودەنگییەک لەنێوان نەتەوەی کورد و، حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لەدەوری درۆشمێکی هاوبەش پێکبهێنرێت. ئەمەش بێگومان دەستەبەری سەرکەوتنی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی دەکا و، تەنیا لەم رێگەیەوە دەتوانین پشتیوانیی دنیای ئازاد و رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان وەربگرین، کە چاودێریی راپرسییەکی ئازاد لە کوردستاندا بکەن و، نەتەوەی کورد بتوانێت دوور لەترس و هەڕەشەی هیچ داگیرکەر و هەلپەرست و زۆردارێک، لەئازادیدا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدات. ئێمە ئەم نموونەسەرکەوتووەمان لەراپرسییەکەی باشووری سۆدان دا بینیی، کە خەڵک و حیزبەسیاسییەکانی پێکەوە رفراندۆمیان کرد بەداخوازییەکی گشتیی بۆ دەستخستنی ئازادی و سەربەخۆییان

# ژێدەر:

(*۱)- حاجی برایمی هاشمیان ناسراو بە حاجی برایمی کەلانتەر، کوڕی حاجی هاشمی شیرازی لە بازرگانانی دەوڵەمەندی شیرازبوون. ئەم بنەماڵەیە لەپێشدا جوولەکە بوون و وەک گەلێک جوولەکەی دیکە بۆڕاگرتنی سامانیان و دەستخستنی پلەوپایەی سیاسی و کۆمەلایەتیی، دەبوون بە موسڵمان، بەلام لەنێوخۆیاندا داونەرێتی خۆیان و ئاینەکەیان دەپاراست. حاجی برایم لەلایەن کەریمخانی زەندەوە کرا بە دارۆغەی چەند گەڕەکێک لەشیراز. دواتر پلەی بەرزکرایەوە و بوو بە "کەلانتەر" و بەرپرسیارێتیی پاراستن و ئاسایشی شیراز پێتەختی حکوومەتی زەندی پێسپێردرا. لەمەوە نێوبانگ و دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلایەتیی حاجی برایم زیادیکرد و نێزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ بنەماڵەی زەندا پەیداکرد.
دوای مردنی کەریمخان، کوڕەگەورەکەی بەناوی لەتفعەلیخان بوو شا. لەکاتی هێرشی تورکەقاجارەکان بەسەرۆکایەتیی ئاغامحەممەدخان، لوتفعەلیخان بەرەو ئەسفەهان لەشکری کێشا کە ئەو شارە لەدەستی لەشکری قاجار رزگاربکات، بەلام لەگەڵ گەیشتنی، یەکێک لە براکانی حاجی برایم کە فەرماندەی لەشکر بوو، لەگەڵ چەندین فەرماندەی دیکە، چەکدارەکانی خۆیان هەڵگرت و، هۆردووی لوتفعەلیخانیان بەجێهێشت. ئەوە بوو شای زەند لەبەرامبەر لەشکری زۆروزەوەندی قاجار و هۆزەکانی دیکەی نەیاری زەندا خۆیپێڕانەگیرا و بەرەو شیراز کشایەوە. کاتێک گەیشتە بەر دەوازەی شار، حاجی برایمی کەلانتەر فەرمانیدا دەروازەکانی شار دابخەن. لەتفعەلیخان کە تازە لە پیلانی هاوبەشی حاجی برایم و هۆزەکانی دیکەی فارس و هۆزی تورکانی قاجار ئاگادار ببوو، بەرەو شاری کرمان پاشەکشەی کرد و، دوای چەندین هەفتە نەبەردی خوێناویی، خۆی لەشکرەکەی و دانیشتوانی کرمان قڕکران.
ئاغامحەممەدخان حکوومەتی شیرازی دایەدەستی حاجی برایم و، بۆ هەموو کاروبارێکی سیاسیی پرسیپێدەکرد و، هەموو فەرماندەکان و چەکدارەکانی ئاگادارکرد، کە هەر فەرمانێک لەدەمی حاجی برایمەوە دەردەچێت، فەرمانی ئەویشە و دەبێ جێبەجێی بکەن. دوای مردنی ئاغامحەممەدخان، حاجی برایم لە دانانی جێنشینیدا رۆڵی گەورەی گێڕا و، توانی لەنێو هەموو برا و برازاکانیدا، "فتحعلی میرزا" بکات بەشای ئێران. ماوەیەک دوای تێپەڕبوونی پاشایەتیی فەتحعەلیشا، حاجی برایمی کەلانتەر، زۆرینەی پلەوپایەی سیاسی و لەشکری و کۆمەلایەتیی بەسەر کوڕەکانی و برا و برازاکانی خۆیدا دابەشکرد. سامان ودارایی و موڵکی لە گەورەکانی قاجار زیاتر بوو. لەمەوە فەرماندە و گەورەکانی هۆزی قاجار کەوتنە گومان لێی و، شایان لە نیاز وئامانجی حاجی برایم تێگەیاند. شا فەرمانی گرتنیدا و، هەردوو چاو و زمانی خۆی و کوڕەکانی وبراوبرازاکانی حاجی برایم دەرهێنرا و، بەکوێریی زیندانی کران و، خرانە ژێر شکەنجەوە و، سووکایەتیی زۆر بەخۆیان وژن و منداڵیان کرا. پاشان هەموو سامانەکەشیان زەوتکرا.

(*۲) – "کارەساتی کوردەکان" بەرگی سێیەمی یاداشتەکانی هێنری کیسنگەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو. سەباحی غالب لەوەرزی هاوینی ساڵی ۱۹۹۹ کردوویەتی بەکوردی.

(*٣) - عیسا پژمان کوڕی عەبدۆڵلا ساڵی 1303 ی هەتاوی (1924) لەشاری سنە هاتووەتەدنیاوە. خوێندنی سەرەتای وناوەندی و دواناوەندیی لەشارەکەیدا تەواوکرد. لەتاران درێژەی بەخوێندن دا و، لەزانستگەی (ملی)، خوێندنی لەبواری یاسایدادوەریدا تەواوکرد. هەرلەو کاتەدا لەلایەن "ساواک" ەوە وەرگیرا. عیسا پژمان، لەساواکدا پلەی بەرزکرایەوە و، بوو بەسەرۆکی ساواک لەکاروباری عێراقدا. ماوەی چەندین ساڵ سەرۆکی پاراستنی پۆلیسی هەموو ئێران بوو. پێش بەدەسەلاتگەیشتنی عەبدولکەریم قاسم لەعێراق، عیسا پژمان لەرێگەی شانەکانی خۆیەوە، ئاگاداری نەخشەی کودەتا دەبێ و، لەراپۆرتێکدا ئەم بابەتە بەئاگاداریی شا و، وەزیری پاراستنی رژێمی شا، بەناوی تەیموور بەختیار دەگەیەنێ و، تەنانەت کێندی سەرکۆماری ئەمریکاش ئاگاداردەکات، بەلام شا وئەمریکا بۆچوونەکەی بەڕست نازانن، تەنانەت شا لێشی تووڕەدەبێت. بەلام پاش ئەوەی کودەتا روودەدات، شا بەتەواوەتیی متمانە بە توانای و راستگۆی ودڵسۆزییەکەی دەکا و، لە پێوەندیی لەگەڵ عێراق و باشووری کوردستاندا، دەیکات بەنوێنەری خۆیو ، هەموو دەسەلاتێک دەداپێی.

ساڵی 1958 بەناوی مامۆستای قوتابخانە دەچێ بۆ باشووری کوردستان و، لەشاری سلێمانی سەرەتا لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد پێوەندیی دەگرێت. پاشان لەباڵوێزخانەی ئێران لەمێوانییەکدا بەبۆنەی جێژنی نەورۆزەوە گیراوە، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ئاشنادەبێ. پێوەندیی نێوانیان بەردەوام دەبێت تاکاتی هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول لەساڵی 1961 دا. دوایی ئەو پێوەندییانە دەگوێزرێنەوە بۆ ئاستی سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول و، سازکردنی پێوەندیی لەگەڵ سەرۆک بارزانیی، لەگەڵ هەرەسهێنانی شۆرش لە 1975 کۆتایی پێدێت.

post@kncsite.com

sirwan.kawsi@gmail.com

# سەرچاوە:

1- مێژووی دەسەڵاتداریێتیی ئاینیی لەئێران- نووسینی سیروان کاوسی، مانگی جۆزەردانی ساڵی ٢٠١٠ لەوڵاتی نۆرویژ چاپکراوە.

2- ماڵپەڕی ویکیپیدیا بەزمانی فارسی. ژیان و بەسەرهاتی حاجی برایمی دارۆغە!

3- لەبیرەوەرییەکانم بەرگی (بەرگی سێیەم) نووسینی: کەریم حیسامی.

4- بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینگەر بەرگی سێیەم.

5- پەرتۆکی «تند باد حوادث» بەزمانی فارسی لەنووسینی: عیسا پژمان

6- چگونگی اعمال حق تعیین سرنوشت (مقاله)، از دکتر محمد علی بهمنی قاجار، لاپەڕەی (٢) کۆپلەی دوو.